# صراع الهزيمة والنهوض في التاريخ الكردي: قراءة هيغيلية للحركات التحررية الكردية في القرن العشرين

م.م.**تاڤگه حەمكۆ عبدالله**
جامعة ومعهد نۆلج
tavgatavga116@gmail.com
م.م. **فەرھەنگ نورى مەحمود**
جامعة سۆران - فەكەڵتى ئاداب
: farhang.mahmood@soran.edu.iq
م.م. **سامان عثمان عالي**
جامعة سۆران - فاكەڵتى ئاداب
saman.alee@soran.edu.iq

**الكلمات المفتاحية**: الديالكتيك الهيغيلي، التاريخ الكردي، الهزيمة والنهوض، الاعتراف، الوعي القومي.

**كيفية اقتباس البحث**

عبدالله , تاڤگه حەمكۆ , فەرھەنگ نورى مەحمود , سامان عثمان عالي , صراع الهزيمة والنهوض في التاريخ الكردي: قراءة هيغيلية للحركات التحررية الكردية في القرن العشرين,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، تشرين الأول٢٠٢٦, المجلد:١٦, العدد:١٠ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

صراع الهزيمة والنهوض في التاريخ الكردي: قراءة هيغيلية للحركات التحررية الكردية في القرن العشرين

# The Conflict Between Defeat and Revival in Kurdish History: A Hegelian Reading of Kurdish Liberation Movements in the Twentieth Century

**Tavga Hamko Abdullah**
**University and Institute of Knowledge**
**tavgatavga116@gmail.com**
**Farhang Nuri Mahmoud**
**Soran University - Faculty of Arts**
**farhang.mahmood@soran.edu.iq**
**Saman Osman Ali**
**Soran University - Faculty of Arts**
**saman.alee@soran.edu.iq**

**Keywords** : Hegelian Dialectics, Kurdish History, Defeat and Revival, Recognition, National Consciousness.

**How To Cite This Article**
Abdullah , Tavga Hamko , Farhang Nuri Mahmoud ,Saman Osman Ali , The Conflict Between Defeat and Revival in Kurdish History: A Hegelian Reading of Kurdish Liberation Movements in the Twentieth Century ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, October 2026,Volume:16, Issue 10.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**ملخص:**
تسعى هذه الدراسة إلى تحليل التاريخ السياسي والحركات التحررية للشعب الكردي في القرن العشرين من منظور فلسفي، وذلك باستخدام المنهج الديالكتيكي (الجدلي) الهيغيلي. يكمن الهدف الرئيس في فهم الدائرة المستمرة من الهزيمة والنهوض التي تسم التاريخ الكردي المعاصر. تنطلق الدراسة من فرضية مفادها أن النضال الكردي ليس مجرد صراع عسكري أو سياسي فحسب، بل هو "صراع من أجل الاعتراف" يتجلى بوضوح في جدلية "السيد والعبد" عند هيغيل.

وفقاً لهذه القراءة، تُعتبر كل هزيمة تاريخية بمثابة "لحظة سلبية" تحمل في أحشائها بذور نهوض جديد ووعي أعمق بالذات القومية. وتثبت الدراسة أن الحركات الكردية في القرن العشرين، ومن خلال عبورها مخاضات الإخفاق في الثورات، قد تطورت من الأنماط القبلية والمحلية نحو أطر تنظيمية وحداثية؛ وهو ما يعبر عن رحلة "الروح الكردية" نحو تحقيق الإرادة الحرة. وفي الختام، تخلص الدراسة إلى أن الهزيمة لم تكن نهاية للمشروع الكردي، بل كانت محركاً ديالكتيكياً لتجاوز المراحل التقليدية والوصول إلى مستويات أرقى من الوعي السياسي والقومي.
لتحقيق أهدافها، تجيب هذه الدراسة على الأسئلة التالية: كيف يمكن استخدام مفهومي الفشل والنهضة في فلسفة هيجل للتاريخ كأداة نظرية لفهم حركات التحرر الكردية في القرن العشرين؟ كيف تجسدت مرحلتا الأطروحة (الوضع المشترك) ونقيضها (الصراع والفشل) في التاريخ الكردي المعاصر، وما أثر الصراع بين الوعي الجمعي والانقسام على مسار التاريخ؟ كيف يمكن للعقل السياسي الكردي أن يصل إلى مرحلة التوليف (الاستنتاج العقلاني) ويبني نهضة وطنية مستدامة ومؤسسية من خلال تجاوز الكوارث جدليًا؟ كيف يمكننا تحويل التاريخ الكردي من حالة تشتت إلى مختبر فكري تتجه فيه قوى الصراع نحو هدف تاريخي (الهوية الوطنية)؟

**Abstract:**
This study examines the political history and national liberation movements of the Kurdish people during the twentieth century through a philosophical lens, employing the Hegelian dialectical method. The primary objective is to comprehend the recurring cycles of defeat and resurgence that characterize contemporary Kurdish history. The research posits that the Kurdish struggle transcends mere military and political conflict, manifesting as a "struggle for recognition" (Anerkennung) rooted in Hegel's Master-Slave dialectic.
In this interpretive framework, every historical defeat is perceived as a "negative moment" that inherently harbors the seeds of a subsequent revival and a more profound national self-consciousness. The study demonstrates how Kurdish movements transitioned from tribal and localized forms toward modern organizational structures by navigating the failures of successive revolutions; this evolution represents the journey of the "Kurdish Spirit" (Geist) toward the realization of free will. Ultimately, the research concludes that defeat has not functioned as a terminus for the Kurds, but rather as a dialectical catalyst for transcending obsolete stages and attaining higher levels of political and national consciousness.
To achieve its objectives, the study answers the following questions: How can the concepts of failure and revival in Hegel's philosophy of history be used as a theoretical tool for reading Kurdish liberation movements in the twentieth century? How were the thesis (common situation) and anti-thesis (conflict and failure) stages embodied in contemporary Kurdish history and what impact did the struggle between primary consciousness and the division have on the course of history? How can the Kurdish political mind reach the stage of synthesis (rational conclusion) and build a sustainable and institutional national awakening through the dialectical overcoming of disasters? How can we transform Kurdish history from a dispersed state to an intellectual laboratory in which the struggle of forces moves towards a historical goal (national identity)?

## ململانێی شکست و ڕابوون لەمێژووی کورد دا:
## خوێندنەوەیەکی هیگڵیانە بۆ بزاوتە ڕزگاریخوازییەکانی کورد لە سەدەی بیستەمدا

توێژەر: **تاڤگە حەمکۆ عبدالله**
زانکۆ و پەیمانگای نۆلج- نازناوی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر
tavgatavga116@gmail.com
توێژەر: **فەرهەنگ نوری مەحمود**
زانکۆی سۆران - فەکەڵتی ئاداب- نازناوی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر
farhang.mahmood@soran.edu.iq :
توێژەر: **سامان عثمان عالي**
زانکۆی سۆران - فاکەڵتی ئاداب- نازناوی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر
saman.alee@soran.edu.iq

**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات مێژووی سیاسی و بزاوتە ڕزگاریخوازییەکانی گەلی کورد لە سەدەی بیستەمدا لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە و بە بەکارهێنانی میتۆدی دیالێکتیکی هیگڵیانە شی بکاتەوە. ئامانجی سەرەکی، تێگەیشتنە لەو بازنە بەردەوامەی شکست و ڕابوون کە مێژووی هاوچەرخی کوردی پێ پۆلین دەکرێت. توێژینەوەکە لەو سۆنگەیەوە دەست پێ دەکات کە خەباتی کورد تەنیا ململانێیەکی سەربازی و سیاسی نییە، بەڵکو ململانێیەکی دانپیانانە کە لە دیالێکتیکی کۆیلە و ئاغای هیگڵدا ڕەنگ دەداتەوە.

لەم خوێندنەوەیەدا، هەر شکستێکی مێژوویی وەک ساتێکی نەرێنی دەبینرێت کە لە هەناوی خۆیدا تۆوی ڕابوونێکی نوێ و هۆشیارییەکی قووڵتر بۆ خودی نەتەوەیی هەڵدەگرێت. توێژینەوەکە دەیسەلمێنێت کە بزووتنەوە کوردییەکان لە سەدەی بیستەمدا، لە ڕێگەی تێپەڕین بەناو شکستی شۆڕشەکاندا، لە شێوەی خێڵەکی و لۆکاڵییەوە بەرەو شێوەی ڕێکخراوەیی و مۆدێرن گەشەیان کردووە؛ ئەمەش گوزارشتە لە گەشتکردنی ڕۆحی کوردی بەرەو بەدیهێنانی ئیرادەی ئازاد. لە کۆتاییدا، توێژینەوەکە ئەوە دەخاتە ڕوو کە شکست لای کورد نەک هەر کۆتایی نەبووە، بەڵکو بزوێنەرێکی دیالێکتیکی بووە بۆ تێپەڕاندنی قۆناغە کۆنەکان و گەیشتن بە ئاستێکی بەرزتر لە هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی.

**وشە کلیلییەکان:** دیالێکتیکی هیگڵ، مێژووی کورد، شکست و ڕابوون، دانپیانان، هۆشیاریی نەتەوەیی.

**پێشەکی:**
مێژووی سیاسیی گەلان تەنها کۆمەڵە ڕووداوێکی یەک لەدوای یەک و گێڕانەوەی جەنگ و پەیماننامەکان نییە، بەڵکو گوزارشتە لە جووڵەی ناوەکیی عەقڵ و گەشەسەندنی هۆشیاریی نەتەوەیی لەناو کایەی کاتدا. بۆ گەلی کورد، سەدەی بیستەم تاقیگەیەکی سەخت و پڕ لە هەوراز و نشێو بووە؛ قۆناغێک بووە کە تێیدا بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکان لە نێوان هیوای ڕابوون و ئازاری شکستدا دەست و پەنجەیان لەگەڵ واقیعدا نەرم کردووە. خوێندنەوەی ئەم مێژووە لە دەرەوەی چوارچێوەی گێڕانەوەیی ڕووت، پێویستییەکی فیکرییە بۆ تێگەیشتن لەو لۆژیکە شاردراوەیەی کە ئاراستەی ڕووداوەکان دیاری دەکات. ئەم توێژینەوەیە لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە چیتر ناکرێت مێژووی

کورد وەک زنجیرەیەک لە کارەسات و شکستی بێ ئامانج سەیر بکرێت. لێرەوە، فەلسەفەی مێژووی (گیۆرگ ڤیلهێلم فریدریك هیگڵ) وەک چوارچێوەیەکی تیۆریی بەهێز دێتە ناو کایەکەوە. هیگڵ پێمان دەڵێت کە عەقڵ لە مێژوودا حوکم دەکات و هیچ ڕووداوێک بێمانا نییە. لەم ڕوانگەیەوە، شکست لە بزووتنەوەی کوردیدا تەنها دارمانێکی ڕەها نییە، بەڵکو ساتوەختێکی نەرێکردنی دیالێکتیکییە؛ واتە قۆناغێکە بۆ تێپەڕاندنی پێکهاتە کۆنەکان و خۆسازدان بۆ لەدایکبوونی هۆشیارییەکی قووڵتر و ڕابوونێکی عەقڵانیتر.

**کێشەی توێژینەوە** لەوەدا کورت دەبێتەوە کە زۆربەی خوێندنەوە مێژووییەکانی بزووتنەوەی کورد، مێژوویان وەک پەیوەستەیەکی پچڕاو لە شکستەکان نیشان داوە، بەبێ ئەوەی پەیوەندیی نێوان شکست وەک ئەنتی تێز و ڕابوون وەک سێنتێز شیکار بکەن. ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە نائومێدیی مێژووی و قەیرانی هۆشیاریی سیاسی.

**پرسیاری توێژینەوە:** بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، توێژینەوەکە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە: چۆن دەکرێت چەمکەکانی شکست و ڕابوون لە فەلسەفەی مێژووی هیگڵدا وەک ئامرازێکی تیۆری بۆ خوێندنەوەی بزاوتە ڕزگاریخوازییەکانی کورد لە سەدەی بیستەمدا بەکاربهێنرێن؟ ئایا قۆناغەکانی تێز (دۆخی باو) و ئەنتی تێز (ململانێ و شکست) لە مێژووی هاوچەرخی کوردا چۆن بەرجەستە بوون و کێشمەکێشی نێوان هۆشیاریی سەرەتایی و دۆخی دابەشبوون چ کاریگەرییەکی لەسەر ڕەوتی مێژووەکە هەبوو؟ عەقڵی سیاسیی کوردی چۆن دەتوانێت لە ڕێگەی تێپەڕاندنی دیالێکتیکیانەی کارەساتەکانەوە بگاتە قۆناغی سێنتێز (ئەنجامگیریی عەقڵانی) و بونیادنانی ڕابوونێکی نەتەوەیی بەردەوام و دامەزراوەیی؟ چۆن دەتوانین مێژووی کورد لە حاڵەتێکی پەرشوبڵاوەوە بگۆڕین بۆ تاقیگەیەکی فیکری کە تێیدا ململانێی هێزەکان بەرەو ئامانجێکی مێژوویی (شوناسی نەتەوەیی) هەنگاو دەنێن؟

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە لایەنە زانستی و فیکرییەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت، چونکە ڕوانگەیەکی فەلسەفی نوێ (هیگڵییانە) بۆ مێژووی کورد دادەڕێژێت کە لە توێژینەوە کوردییەکاندا کەمتر کاری لەسەر کراوە. لەبری گریان بەسەر ڕابردوودا، لۆژیکی ناوەکیی گۆڕانکارییەکان دەردەخات. دەبێتە سەرچاوەیەکی فیکری بۆ داڕێژەرانی بڕیاری سیاسی تا بتوانن لە شکستەکان وەک کەرەستەیەک بۆ بونیادنانی ستراتیژیی نوێ و ڕابوونی دامەزراوەیی سوود وەربگرن.

**ڕێبازی توێژینەوە:** توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی دیالێکتیکی هیگڵییانە دەبەستێت کە لە سێکوچکەی (تێز، ئەنتی تێز، سێنتێز) پێکدێت. هەروەها میتۆدی شیکاریی فەلسەفی بەکاردەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی دەقە مێژووییەکان و وەرچەرخانی ڕووداوە سیاسییەکان بۆ چەمکی فیکری، تا بتوانرێت پەیوەندییە زەرووریەکەی نێوان کارەسات و گەشەی هۆشیاری بدۆزرێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە گەشتێکی فیکرییە لەناو قووڵایی مێژوودا، بە مەبەستی دۆزینەوەی ئەو ڕۆحییە نەتەوەییەی کە لەناو هەر شکستێکدا، تۆوی ڕابوونێکی مەزنتری چاندووە.

## تەوەرەی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری مێژوو و ململانێ، شکست و ڕابوون لای هیگڵ

فەلسەفەی مێژوو لای جۆرج ڤیلهێلم فریدریش هیگڵ لەسەر بنەمای ململانێی بەردەوام و گەشەکردنی هۆشیاری بنیات نراوە مێژوو لای ئەو پرۆسەیەکی ڕێکەوتی نییە بەڵکو گەشەکردنێکی لۆجیکی و دیالەکتیکییە کە تێیدا مرۆڤایەتی لە قۆناغی شکست و دژایەتییەوە بەرەو قۆناغی ڕابوون و ئازادی هەنگاو دەنێت ئەم ململانێیە لە نێوان هێزە کۆن و نوێیەکاندا وا دەکات کە مێژوو هەمیشە لە جووڵەدا بێت و هیچ دۆخێک جێگیر نەمێنێتەوە چونکە مێژووی جیهان پێشکەوتنی هۆشیارییە بە ئازادی پێشکەوتنێک کە پێویستە بە گوێرەی زەرووڕەتی ناوەکی پەرە بسێنێت ڕۆحی گەلان لە ڕێگەی ململانێی دەرەکی و ناوەکییەوە بەرەو تێگەیشتن لە جەوهەری خۆی هەنگاو دەنێت ئەم پرۆسەیە بەبێ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخی کۆیلایەتی و تێپەڕاندنی بەدی نایەت چونکە ئازادی جەوهەری ڕاستەقینەی ڕۆحە (Mueller, 1958, pp. 411-412) هەروەها واقیع لە ناخی خۆیدا کۆمەڵێک ئەگەر هەڵدەگرێت کە دەبنە هۆی نەرێکردنی دۆخی ڕاستەوخۆ ئەم نەرێکردنەش سروشتی ناوەکی



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ١٠

گەشەسەندنە واقیعی ئێستا کاتییە و لە ڕێگەی دژایەتییەوە بەرەو قۆناغێکی باڵاتر دەڕوات گۆڕانکاری مێژوویی پێویستی بە تێکشکاندنی دۆخی باو هەیە بۆ ئەوەی ئەگەرە نوێیەکان بێنە کایەوە (هیجل، ٢٠٠٧، ٤٠-٤٤، ٨١-٨٢؛ هیجل،١٩٨٦، ١٤٤-١٤٧)

لە فەلسەفەی ڕەسەنی هیگڵدا چەمکی تێز(دۆخی باو)- ئەنتی تێز(ململانێ و شکست) -سەنتی تێز(ئەنجامگیری عەقڵانی) بەو شێوە کورتکراوە باوە نییە کە لە کتێبە گشتییەکاندا هەیە، بەڵکو مێژوو لای ئەو لەسەر بنەمای گۆڕانی چۆنایەتی و چەندایەتی و دەرکەوتنی دژایەتییە ناوخۆییەکان بەڕێوە دەچێت، شکست یان قۆناغی دژایەتی تەنها وێستگەیەکە بۆ گەیشتن بە قۆناغێکی باڵاتر کە تێیدا کۆمەڵگە نوێ دەبێتەوە و لە قەیرانەکان ڕادەبێتەوە، تێز و ئەنتی تێز وەک ڕاستییەکی مێژوویی سەیر دەکرێن مێژوو تەنها تۆمارکردنی ڕووداوەکان نییە بەڵکو پرۆسەیەکی زیندووە کە تێیدا دۆخ هەیە لەگەڵ ئەو هێزەی دژایەتی دەکات یەک دەگرن بۆ بەرهەمهێنانی دۆخی نوێ ئەم چوارچێوە تیۆرییە یارمەتیمان دەدات تێبگەین کە شکستەکان هەمیشە کاتین و ململانێکان لە کۆتاییدا دەبنە هۆی گەیشتن بە ئاستێکی باڵاتر لە هۆشیاری و ئازادی مرۆیی (Mueller, 1958, pp. 412-413; هیغل،٢٠٠٧، ٨٩-٩٤)

لای هیگڵ شکستە مێژووییەکان یان ڕووخانی شارستانییەتەکان بەواتای کۆتایی مێژوو نایەن بەڵکو وەک زەرورەتێکی فەلسەفی سەیر دەکرێن هەر سیستەمێک کاتێک تووشی دارمان دەبێت دژبەیەکەکانی خۆی لەناو خۆیدا بەرهەم دەهێنێت ئەم شکستە دەبێتە هاندەرێک بۆ سەرهەڵدانی هۆشیارییەکی نوێ و ڕابوونێکی گشتگیرتر کە کۆمەڵگە بەرەو لوتکەیەکی نوێی پێشکەوتن دەبات لەم ڕوانگەیەوە مێژووی مرۆڤایەتی زنجیرەیەکی بەردەوامە لە گەشەکردنی موتڵەق لە ڕێگەی تێپەڕاندنی دۆخە نەرێنییەکانەوە کاتێک قۆناغێکی مێژوویی تووشی شکست دەبێت فەلسەفەی هیگڵ پێمان دەڵێت کە ئەمە بەشێکە لە گەشەکردنی گیانی گشتی مرۆڤ لە هەر شکستێکدا وانەیەکی نوێ فێردەبێت و لە ڕێگەی تێکەڵکردنی ئەزموونە کۆن و نوێیەکانەوە پێ دەنێتە قۆناغی هاوسەنگییەکی باڵاتر (Mueller, 1958, pp. 413-414؛ Clegg, 2002, p-9-13 & Cunha, Cunha؛ هیغل، ٢٠٠٧، ٤٦-٤٩)

چوارچێوەی تیۆری مێژوو لای هیگڵ نیشانی دەدات کە چۆن گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەهۆی پارادۆکسەکانەوە ڕوودەدەن مرۆڤەکان لە ڕێگەی کار و پراکتیزەکردنی مێژووییەوە هەوڵدەدەن بەسەر کێشەکانیاندا زاڵ بن ئەم پرۆسەی داهێنان و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەیە هێزی ڕاستەقینەی پشت گۆڕانی مێژووییە کە وا دەکات کۆمەڵگەکان لە قۆناغی چەقبەستووییەوە ڕابپەڕن چوارچێوەی دیالەکتیکی نیشانی دەدات کە چۆن گۆڕانکارییە بچووکەکان لە کۆتاییدا دەبنە هۆی دروستبوونی کاریگەری گەورە لە مێژوودا و گۆڕانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی بەدی دێنن شکستەکان کاتێک ڕوودەدەن کە سیستەمەکان توانای خۆگونجاندنیان نامێنێت بەڵام لە هەناوی هەر شکستێکدا توانایەکی شاردراوە بۆ ڕابوون هەیە کە لە ڕێگەی بەرگەگرتنی دژایەتییەکان و دۆزینەوەی چارەسەری نوێوە دێتە دی (Clegg, 2002, pp. 52-53 & Cunha, Cunha؛ هیغل، ١٩٨٦، ١٣٢-١٣٧)

ململانێی نێوان تێز و ئەنتی تێز تەنها لە بواری سیاسەتدا نییە بەڵکو لە بواری کلتور و فەلسەفەشدا ڕوودەدات بۆ ئەوەی گۆڕانکاری ڕاستەقینە لە مێژوودا ڕووبدات پێویستە فەلسەفە و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان گۆڕانکاری بەسەردا بێت ڕابوونی ڕاستەقینەی نەتەوەکان کاتێک دەستپێدەکات کە لە ڕێگەی فەلسەفەیەکی گۆڕانکاریخوازەوە ڕووبەڕووی قەیرانە کلتوری و فیکرییەکانی سەردەمی خۆیان دەبنەوە ئەوەی مێژووی فەلسەفە پێشکەشمان دەکات بریتییە لە زنجیرەی ڕۆحە بەڕێزەکان پێشانگای پاڵەوانەکانی عەقڵی بیرکەرەوە ئەو پاڵەوانانەی کە بە فەزڵی ئەم عەقڵە چوونەتە ناو جەوهەری شتەکان و سروشت و ڕۆح لە جەوهەری خودادا و بۆ ئێمەیان گەورەترین گەنجینە بەدەستهێناوە کە گەنجینەی مەعریفەی عەقڵانییە فەلسەفە شێوازێکە لەم لایەنە فرە ڕەهەندانە ئەو باشترین گوڵە ئەو چەمکی گەشەسەندنی گشتییە هۆشیاری و جەوهەری ڕۆحی بارودۆخەکەیە بە گشتی و ڕۆحی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue :10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

سەردەمەکە وەک ڕۆحێکی بیرکەرەوە لە ناو خۆیدا بوونی هەیە (Klapwijk, 1986, pp. 138-139؛ هیغل، ١٩٨٦، ٤٩-٥٤؛ هیغل،٢٠٠٧، ٣٩-٤٣)
مێژوو هەمیشە لە نێوان دوو جەمسەری دژبەیەکدا لە لێشاودایە وەک ئازادی و یاسا یان پێکهاتە و گۆڕانکاری هیگڵ پێی وایە کاتێک کۆمەڵگە تەنها جەخت لەسەر لایەنێکیان دەکاتەوە هاوسەنگی تێکدەچێت و تووشی قەیران دەبێت ڕابوونی مێژوویی لەو خاڵەدا دروست دەبێت کە مرۆڤایەتی دەتوانێت لە نێوان ئەم دژبەیەکانەدا گونجاندن و سەنتی تێزێکی نوێ بەدیبهێنێت هیچ بیرمەندێک ناتوانێت خۆی لە پرۆسەی پەرەسەندنی مێژوویی دابڕێت چونکە بیرکردنەوەی ئێمە بەرهەمی ململانێ فیکرییەکانی ڕابردووە ململانێ لای هیگڵ هێزێکی ئەرێنییە کە بیرکردنەوەی مرۆڤ لە داخران دەپارێزێت ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخە سەختەکان و شکستە فیکرییەکان زەمینە خۆش دەکەن بۆ سەرهەڵدانی فەلسەفەیەکی نوێ کە گوزارشت لە ڕابوونی سەردەمەکە دەکات ژیان کرداره و لەبەردەم کرداردا ماددەیەک هەیە کە بابەتیەتیەتی کاری تێدا دەکات و دەیکاتە سەرچاوەی گۆڕانکاری ئەوەی هەر نەوەیەک بەم شێوەیە لە مەیدانەکانی زانست و بەرهەمی ڕۆحیدا بەدەستی هێناوە نەوەی داهاتوو بە میرات دەیگرێتەوە و ئەمەش ڕۆحی ئەو نەوەیە پێکدەهێنێت (Clegg, 2002, & Cunha, Cunha p7-10; Klapwijk, 1986, pp. 139-140؛ هیغل، ١٩٨٦، ٤٢-٤٧، ٦٤-٦٩) مەکینەی عەقڵ و هەڵچوونەکان لە مێژوودا لە شێوەی ڕۆحی گەل دا بەرجەستە دەبێت کە بریتییە لە هۆشیارییەکی گشتی، لە کاتێکی دیاریکراودا پاڵەوان و بکەرە مێژووییەکان ئەوانەن کە لە خواست و پێویستییەکانی گیانی سەردەمەکەیان تێدەگەن، ئەوان واقیع دەگۆڕن چونکە دەبنە ئامرازی جێبەجێکردنی ئەو ئامانجە گشتییەی کە کاتی هاتووە. لە تەک ئەمەشدا عەقڵ و بەکارهێنانی هەڵچونەکان لە مێژوودا ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕن و ئێمە بە ڕەهایی جەخت دەکەینەوە کە هیچ شتێکی مەزن لە جیهاندا بەبێ سۆزداری و هەڵچوون ئەنجام نەدراوە، بەرژەوەندییە تایبەتەکان و حەزەکانی مرۆڤەکان وەک کەرەستەی خاو وان لە نێو نەتەوەکاندا عەقڵ ئەم پاڵنەرە زاتییانە بەکاردەهێنێت وەک ئامرازێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گشتییە مێژووییەکەی خۆی کە دواجار تەواوکاری لۆجیکی دیالەکتیکی مێژووە (هیجل، ٢٠٠٧، ٣١-٣٧، ٥٢-٥٣؛ هیجل، ١٩٨٦، ٢٨-٣٣، ٣٧- ٧٣-٨١، ١٤٨-١٥٤).

**تەوەرەی دووەم: قۆناغی سەرهەڵدانی بزاوتەکان و هۆشیاریی سەرەتایی کورد**

بۆ تێگەیشتن لە فۆرمی سەرەتایی کۆمەڵگەی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، پێویستە لە ڕوانگەی هیگڵەوە سەیری پێگەی جوگرافی و کاریگەرییەکەی لەسەر هۆشیاریی مرۆڤ بکەین. هیگڵ سەبارەت بە کاریگەریی ژینگەی شاخاوی ئاماژەی بەوەکردووە ناوچە شاخاوییەکان و بەرزاییەکان ژینگەیەک بۆ مرۆڤ دەئافرێنن کە تێیدا ژیانی خێڵەکی و باوکسالاری باڵادەست دەبێت لەم ناوچە گۆشەگیرانەدا، پەیوەندییە یاساییە ڕێکخراوەکان لە نێوان دانیشتواندا بە زەحمەت گەشە دەکەن. سروشتی شاخ ئازادییەکی سەرەتایی و کێوی دەبەخشێت کە زیاتر پشت بە نەریتی خێڵ دەبەستێت(هیجل، ٢٠٠٧، ٥٥-٥٦) ئەم واقیعە خێڵەکی و سروشتە شاخاوییە گۆشەگیرە، چوارچێوەی سەرەتایی ژیانی کوردی پێکدەهێنا، بەڵام مێژوو ناتوانێت لەم چەقبەستووییەدا بمێنێتەوە خەباتی نیشتمانیی کورد لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانییەوە، لە بازنەیەکی ناوخۆیی تەسکەوە بەرەو مۆرکێکی سیاسیی و نێودەوڵەتیی نوێ هەنگاوی نا. ئەم وەرچەرخانە مێژووییە لە بزووتنەوەی شێخ مەحموودی حەفیددا ڕەنگی دایەوە، کاتێک بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا، خەباتی کورد کێشرا بۆ دۆخێکی جیهانییەوە و ڕووبەڕووی هێزێکی گەورەی وەک بەریتانیای مەزن بووەوە لێرەدا، گەلی کورد لە قۆناغی بێدەنگیی سروشتییەوە بەرەو مێژووی ڕاستەقینە هەنگاو دەنێت، چونکە وەک هیگڵ ئاماژەی پێ دەکات مێژووی ڕاستەقینەی مرۆڤایەتی تەنها لەو جێگەیەوە دەستپێدەکات کە هۆشیاری بە ئاگا دێت و تۆمارکردنی مێژوویی دەستپێدەکات. ئەو قۆناغانەی پشت بە ئەفسانە و نەریتی زارەکی سەرەتایی دەبەستن، ناکەونە ناو بازنەی پێشکەوتنی عەقڵییەوە گەل دەبێت لەم خەوە بێدەنگە ڕابچڵەکێت بۆ ئەوەی بچێتە ناو مێژووەوە (ئەبو بەکر، ٢٠٠٥، ٣٠؛ هیجل، ٢٠٠٧، ٤٠-٤١).

کاتێک نەتەوە لە خەوی بێدەنگی ڕادەچڵەکێت، کەرەستە خاوەکان و عاتیفە کێوییەکان دەگۆڕێن بۆ کردارێکی ڕێکخراو کە ئامانجی دروستکردنی دامەزراوەیە. لای هیگڵ، دینامیکی ڕۆحی جیهان ڕێگە بە وەستان نادات و ڕۆحی جیهان لەم بێدەنگییە بێباکەدا نامێنێتەوە، ئەمەش بە سادەیی لە چەمکی سروشتەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت. ژیان کردارە و لەبەردەم کرداردا ماددەیەک هەیە کە بابەتیانە کاری تێدا دەکات و دەیگۆڕێت، بۆیە ئەوەی ئێمە بەرهەمی دەهێنین بە شێوەیەکی جەوهەری بوونی پێشوەختە دەسەپێنێت(هيغل، ١٩٨٦، ٢٨-٣٣)لەم چوارچێوەیەدا، چەمکی شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کاتێک فۆرمۆڵە دەبێت کە گەلێکی چەوساوە لە پێناو دروستکردنی قەوارەیەکی سەربەخۆ یان خۆبەڕێوەبەر خەبات بکات، ئەمەش پێویستی بە پارت یان ڕێکخراوێکی سیاسی پێشەنگ هەیە کە بەرنامەیەکی ڕوون دابڕێژێت ئەم هەوڵە بۆ کۆکردنەوەی هەموو تواناکان لە پێناو یەک ئامانجدا، ڕێک وەک ئەو وێنایەیە کە هیگڵ بۆ ڕۆحی نەتەوەیەکی دەوڵەمەند دەیکات(وانلى، ٢٠٢٥، ١٧٩؛ هيغل، ١٩٨٦، ٤٢-٤٣)دەوڵەت بریتییە لە بەدیهاتنی ڕاستەقینەی ئازادی، چونکە لێرەدا ئیرادەی زاتی مرۆڤ لەگەڵ یاسای بابەتیدا یەکدەگرێتەوە لە نێو دەوڵەتدا، مرۆڤ نەک تەنها وەک تاک بەڵکو وەک بەشێک لە گشتێکی ئەخلاقی ناسنامەی خۆی دەدۆزێتەوە ئەم قۆناغە نیشانەی گەیشتنی گەلە بە قۆناغی هۆشیاری دامەزراوەیی (هيجل، ٢٠٠٧، ٥٣-٥٤).

لە سەرەتای چەکەرەکردنی ئەم تێزەدا، هۆشیاری گشتی هێشتا بە تەواوی گشتگیر نەبووە، بەڵکو ئیرادەی نەتەوە لە کەسایەتی یەک سەرکردە یان شێخی خێڵدا کورت دەبێتەوە. هیگڵ ئەم قۆناغە سەرەتاییەی پەرەسەندنی ئازادی بەم شێوەیە دەستنیشان دەکات لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا، ئیرادەی گشتی نەتەوە لە کەسایەتی سەرکردە یان پادشادا کورت دەبێتەوە و تەنها ئەو بە ئازاد سەیر دەکرێت گەل لەم دۆخەدا تەنها پاشکۆی مشوورخۆریی و بڕیارەکانی ئەو سەرکردەیەن. ئەمە هۆشیارییەکی ناتەواوە چونکە هێشتا هەمووان بە جەوهەری ئازادی خۆیان ئاشنا نین (جاويد، ٢٠٠٨، ٣٩١-٣٩٢؛ هيجل، ٢٠٠٧، ٤٩-٥٠)ئەم مۆدێلە لە کورتکردنەوەی بزووتنەوە لە کەسایەتی سەرکردەدا لە واقیعی مێژوویی کورددا ڕەنگی داوەتەوە؛ کاتێک ئینگلیز لە ساڵی ١٩١٨دا چوونە سلێمانی، شێخ مەحموود بە ئامانجی بەدیهێنانی سەربەخۆیی پێشوازی لێکردن و ئەوانیش کردیان بە حوکمرانی کوردستانی باشوور؛ بەڵام ئەم پەیوەندییە زۆری نەخایاند و بەهۆی لێکدانی بەرژەوەندییەکانەوە تێکچوو، کە دواجار لە شەڕی دەربەندی بازیاندا شێخ مەحموود بە برینداری دیل کرا و دوورخرایەوە (سەجادی، ١٩٥٩، ل ١٩).

لێرەدا دیالێکتیکی ململانێی هێز لە نێوان شۆڕشگێڕی ناوخۆیی و داگیرکەری دەرەکیدا دەردەکەوێت، بە جۆرێک کاتێک کۆلۆنێل ویڵسن لە کانوونی یەکەمی ١٩١٨دا چووە سلێمانی، بە هاوکاری ئەفسەرانی بەریتانی هەوڵی دا لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ژمارەیەک لە ئاغا و دەرەبەگە ناوچەییەکان بەربەرەکانی شێخ مەحموود بکات و پایە جەماوەرییەکەی لاواز بکات، تا وای نیشان بدات کە حوکمڕانییەکەی شێخ مۆرکێکی دکتاتۆری و عەشایەری هەیە (ئەبو بەکر، ٢٠٠٥، ل ٣٣٢)ئەم ناکۆکییە ستراتیژییە لە پارچەکانی دیکەی کوردستانیش هاوشێوەی هەبوو؛ لە جەنگی ١٩١٤-١٩١٨دا کورد سەرەتا لە ناو لەشکری عوسمانیدا بوو، پاشان کۆمەڵەی نیشتمانیی کورد لەگەڵ ڕووسیا ڕێککەوت بەڵام بەهۆی شکستی ڕووسیاوە پیلانەکە هەڵوەشایەوە (سەجادی، ١٩٥٩، ١٦) واژۆکردنی پەیمانی لۆزان لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٣ و پشتگوێخستنی بەندەکانی پەیمانی سێڤەر، بووە هۆی بێئومێدییەکی مەزن و وەک ئەنتی-تێزێکی توند دژی مافەکانی کورد دەرکەوت؛ ئەمەش نیشتمانپەروەران و ڕۆشنبیرانی کوردی ناچار کرد یەکبگرن و کۆمەڵەی (تەعالی کوردستان) دابمەزرێنن (ئەبو بەکر، ٢٠٠٥، ٢٥٨)مستەفا کەمال سەرەتا بە بەڵێنی درۆی سەربەخۆیی کوردانی تەفرەدا، بەڵام پاش جێگیربوونی دەسەڵاتی، کەوتە دوژمنایەتییان و لە ساڵی ١٩٢٥دا شێخ سەعیدی پیران شۆڕشی هەڵگیرساند کە سەرەڕای نەفەوتانی ڕۆحی شۆڕش، بە توندی سەرکوت کرا (سەجادی، ١٩٥٩، ١٦).

حکومەتی تورکیا بۆ شاردنەوەی ڕەهەندە نەتەوەییەکەی، ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی وەک جۆلانەوەیەکی کۆنەپەرستانەی ئایینی نیشان دەدا تا ڕێگا لە هەر جۆرە دانپێدانانێکی نێودەوڵەتی بگرێت، بەتایبەت کە لەو کاتەدا ململانێی لەسەر ویلایەتی مووسڵ دەکرد (جەوەیدە، ٢٠٠٨, ل ٤٤٣)شکستەکانی سەرەتا، ڕۆحی کوردیان ناچار کرد لە دۆخی دەرەکییەوە بگەڕێتەوە بۆ ناوخۆی خۆی و پێداچوونەوە بە تەکتیکەکانیدا بکات. ئەم گەڕانەوەی ڕۆحە بۆ لای خۆی، مەرجی یەکەمی گەیشتنە بە هۆشیارییەکی باڵاتر، وەک بیرکردنەوە بریتییە لە گەڕانەوەی ڕۆح بۆ لای خۆی، ئەوەی تێڕامانی لێدەکرێت، ئەوەی پێویستە وەک بابەت وەربگیرێت، ئەوەی پێویستە لە ناو خۆیدا کۆبکرێتەوە و بەمەش لە خۆی جیا بکرێتەوە. و ئەم جیاکردنەوەیە، وەک گوتمان، مەرجی یەکەمە و ساتی هۆشیاریی خودییە(هیغل، ١٩٨٦، ل ٥٩-٦٠)لەم ساتی تێڕامان و پێگەیشتنە فیکرییەدا، هۆشیاریی سیاسیی کوردی بەرەو قۆناغێکی ڕێکخراوەیی بەرزتر هەنگاوی نا لە ساڵی ١٩٢٧دا لە بەیرووت کۆمەڵەی (خۆیبوون) بە سەرۆکایەتی جەلادەت بەدرخان دامەزرا کە ئامانجی یەکخستنی گشت هێزەکان و پاککردنەوەی وڵات بوو لە ڕێگەی دانانی فەرماندەییەکی گشتی بۆ هێزەکان لە کێوی ئاگریداغ (Klapwijk, 1986, pp. 139-140سەجادی، ١٩٥٩، ل ٣٨) کۆمەڵەی خۆیبوون، ئیحسان نووری پاشای وەک فەرماندەی سەربازی دەستنیشان کرد و لە ساڵی ١٩٢٨دا ناوکی جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەری کوردی لە ئاگریداغ چەکەرەی کرد (جەوەیدە، ٢٠٠٨، ٤٥٢) هەرچەندە حکومەتی تورکیا لە دەستپێکدا پەنای بردە بەر سیاسەتی لێبووردنی گشتی و فرتوفێڵ، بەڵام دواجار بە هێزێکی گەورەی ئاسمانی و زەمینییەوە هێرشی کردە سەر ئاگریداغ و لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٠دا بەهۆی نەمانی چەک و ئازووقەوە، شۆڕشەکە تێکشکێنرا (سەجادی، ١٩٥٩، ل ١٧، ٣٩).

ئەم نەفەسە شۆڕشگێڕییە بە شێوازێکی سیستماتیکتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا سەری هەڵدایەوە. تێکەڵبوونی قازیی محەمەد بە کۆمەڵەی ژ.ک و دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەرچەرخانێکی جەوهەری بوو، چونکە لایەنی سۆڤیەتی بەدوای کەسایەتییەکی خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و مەدەنیی وادا دەگەڕان پاش ئەوەی سەرخێڵە گەورەکانی وەک قەرەنی ئاغای مامش و عەمەرخانی شکاک داواکاریان ڕەتکردبووەوە (جەوەیدە، ٢٠٠٨، ٥٢٧)لە کانوونی دووەمی ١٩٤٦دا کۆماری مەهاباد ڕاگەیەندرا و قازیی محەمەد وەک سەرۆک هەڵبژێردرا، کۆماری مەهاباد وەک پرۆژەیەکی مۆدێرنە و مۆدێلێکی پێشکەوتووی خوێندنی زۆرەملێ، خوێندنی کچان، و چاپکردنی پەرتووک و گۆڤاری بە زمانی کوردی (وەک هاوار و هەڵاڵە)ی هێنایە کایەوە(جەوەیدە، ٢٠٠٨، ٥٣٤-٥٣٥) لە هەمان کاتدا لە باشووری کوردستان، شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستەفای برای لە ساڵی ١٩٣٢ەوە خەباتیان دژی هێزەکانی عێراق و ئینگلیز دەستپێکردبوو، و پاش ماوەیەک لە دوورخستنەوەی زۆرەملێ لە سلێمانی، مەلا مستەفا لە ساڵی ١٩٤٣دا گەڕایەوە بارزان و جووڵانەوەی چەکداری سەرلەنوێ دژی میری دەست پێکردەوە (سەجادی، ١٩٥٩، ٢٠). دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد و ئاوارەبوونی بارزانی بۆ سۆڤیەت، نەیارانی کورد وایان دەزانی دۆزی کورد بە تەواوی کۆتایی هاتووە (گەلالی، ٢٠٠٩، ٢٢). بەڵام ئەم قۆناغەی (تێز) بە هەموو داینامیک و سەرەتا مۆدێرنەکانییەوە، زەمینەی بۆ گۆڕانکارییە گەورەکانی داهاتوو خۆش کرد، کە دواجار مێژووی کوردی بەرەو قۆناغی قورسی نەرێکردن و ئەنتی-تێز پەلکێش کرد.

### تەوەرەی سێیەم: قۆناغی ئەنتی-تێز (ململانێ و شکست) نەرێکردن، و دابەشبوون لە مێژووی ڕزگاریخوازیی کورددا

هەر کاتێک قۆناغێکی مێژوویی کۆتایی دێت، واقیعی پێشوو خۆی ئاشکرا دەکات و لە ڕێگەی تێکشکانەوە تێپەڕ دەبێت ئەم تێکشکانە هێزێکی پاڵنەرە بۆ گۆڕانکاری، چونکە ڕۆح ناتوانێت لە ناو یەک دۆخی چەقبەستوودا بمێنێتەوە شکست لێرەدا نەک کۆتایی، بەڵکو دەستپێکی پرۆسەی نوێبوونەوەیە مێژووی کورد پڕە لەو وەرچەرخانە دیالێکتیکیانەی کە تێیدا (تێز-دۆخی باو) ی ڕاپەڕین



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەرەو (ئەنتی تێز- ململانێ و شکست)دەڕوات لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، خەباتی شێخ مەحموودی حەفید لە دژی بەریتانیا، ئاسۆی ناوچەیی شکاند و چووە ناو کایەی نێودەوڵەتی (هیجل، ٢٠٠٧، ٦٦-٦٩؛ ئەبوبکر، ٢٠٠٥، ٣٠). بەڵام نەبوونی هاوسەنگی و ململانێی دەرەکی بووە هۆی گرتن و دوورخستنەوەی (سەجادی، ١٩٥٩، ١٩). بە هەمان شێوە، لە باکووری کوردستان، پشتگوێخستنی مافەکان لە پەیمانی لۆزان (١٩٢٣) و پێشێلکردنی پەیمانی سێڤەر، بووە هۆی دامەزراندنی حیزبی تەعالی کوردستان و تەقینەوەی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥ (سەنگاوی، ٢٠١٤، ٢٥٨). سەرەڕای شکستی سەربازیی ئەو شۆڕشە بەهۆی پیلانەکانی مستەفا کەمال، ڕۆحی شۆڕش نەفەوتا (سەجادی، ١٩٥٩، ١٦). تورکەکان ڕاپەڕینەکەیان بە کۆنەپەرستی ناوبرد تا ڕەهەندە نەتەوەییەکەی بشارنەوە، چونکە دانپێدانانیان بە مەسەلە نەتەوەییەکە، پێگەی ئەوان لە کۆمەڵەی گەلان و کێشەی ویلایەتی مووسڵدا لاواز دەکرد (جەوەیدە، ٢٠٠٨، ٤٤٣) ئەم هۆیەی لە شۆڕشی ئاگریداغدا (١٩٣٠) بە فەرماندەیی ئیحسان نووری پاشا لە ژێر چەتری کۆمەڵەی (خۆیبوون) دووبارە بووەوە، کە تێیدا ناوکی دەوڵەتێکی کوردی و ئاڵای نەتەوەیی بەرزکرایەوە (جەوەیدە، ٢٠٠٨، ٤٥٢). سەرەڕای بەرگرییەکی توند و زیانگەیاندنی زۆر بە سوپای تورک، شۆڕشەکە بەهۆی نەمانی چەک و ئازووقەوە لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٠دا کزبوو (سەجادی، ١٩٥٩، ٣٩). لە هێڵی فەلسەفەی مێژوودا، ئەم شکستە یەک لە دوای یەکانە (وەک شکستی دەرسیم و جووڵانەوەکانی بارزان) لادانی کاتی نەبوون، بەڵکو زەمینەسازی بوون بۆ پێگەیشتنی ڕۆحی نەتەوەیی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ لە عێراقدا، کە ئامانجی کۆتایهێنان بە پاشایەتی و دەرەبەگایەتی بوو (گەلالی، ٢٠٠٩، ٢٦-٢٧)، دەرفەتێکی نوێی ڕەخساند؛ بەڵام زۆری نەخایاند کاتێک نادادی دەستی پێکردەوە، لە ئەیلوولی ١٩٦١دا مانگرتنی سیاسی گشتگیر ڕاگەیەندرا و ڕژێمی قاسم بە فڕۆکە و تۆپباران وەڵامی دایەوە (شێرزاد زەکەریا، ٢٠٢١، ٢٥) شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە کاتی شکستی پرۆژەکەی تەمووز لەدایکبوو (ژان پڕادیێر، ٢٠٢٥، ٦٢). ئەم شۆڕشە بۆ یەکەمجار سەرجەم چین و توێژەکان و زاراوە جیاوازەکانی پارچەکانی کوردستانی یەکخست و دۆستی لە ڕۆژئاوادا پەیداکرد (وریا ڕەحمانی، ٢٠٢٤، ٣٠-٣١). لە ڕووی سەربازییەوە، لەشکری شۆڕشگێڕ بە زەبت و ڕەبتی بەرزەوە شکستی گەورەی بەسەر سوپای عێراقدا هێنا (کرێس کۆچێرا، ٢٠٠٦، ٢٧٩)بەڵام لوتکەی نەرێکردنی دیالێکتیکی لە نسکۆی ١٩٧٥دا دەرکەوت ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان سەدام حوسێن و شای ئێران بە نێوەندگیری هواری بومیدیەن سەرۆکی جەزائیر، هێزی پێشمەرگەی بەهۆی نەمانی چەک و تەقەمەنی و بڕینی هاوکارییەکانی ئەمریکا ڕووبەڕووی هەرەسێکی کتوپڕ کردەوە ( Klapwijk, 1986, pp. 143-146;بورهان ئ. یاسین، ٢٠٢٤، ٤٥-٤٩). هێنری کیسنجەر بە سیاسەتی واقیعبینی خۆی، کوردستانی وەک کارتێکی کاتی بەکارهێنا و لە نیوەی ڕێگادا جێیهێشت (بورهان ئ. یاسین، ٢٠٢٤، ٥٢-٥٦). شای ئێران لە زیوریخ بە کیسنجەری ڕاگەیاندبوو کە ئۆتۆنۆمی کوردی پێ قبووڵ ناکرێت کە بکەوێتە ژێر ڕکێفی عێراقێکی کۆمۆنیستەوە، و دواجار بە گۆڕینەوەی مافی شەتولعەرەب دەستبەرداری کورد بوو (براین ڕۆبەرت گیبسن، ٢٠٢٢، ٦٣٥-٦٣٧). ئەم کارەساتە نیشانیدەدات کە چۆن کۆتاییهاتنی شەڕی بە وەکالەت دەبێتە هۆی پاکتاوکردنی ئەو هێزانەی متمانەی ڕەهایان بە بەڵێنی دەرەکی کردووە (بورهان ئ. یاسین، ٢٠٢٤، ٦٤-٦٨). لێرەدا واقیعی پێشوو خۆی بە قورسی نیشاندا، بەڵام ئەم کشانەوەیە بووە هۆی لەدایکبوونی شۆڕشێکی تازە و لە ساڵی ١٩٧٦ لە ڕێگەی دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی سۆشیالیستی. کاتێک سەیری مێژوو دەکەین تووشی خەمبارییەکی قووڵ دەبین لەبەر ئەو هەموو وێرانکارییەی بەسەر شارستانییەتەکاندا هاتووە، ئەم دیمەنە کێوی و توندوتیژانە لوتکەی بەرەنگاربوونەوەی نێوان هێزە دژبەیەکەکانی مێژوون کە تێیدا بوونی گەلێک دەکەوێتە مەترسی سڕینەوەوە(شەکیب ئاکرەیی، ٢٠٢٣، ٦٦١ ؛ هیجل، ٢٠٠٧، ٥٠).

لە کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەنتی-تێزی مێژوویی بەرامبەر کورد گەیشتە توندترین قۆناغی توندوتیژی سیستماتیک. ڕژێمی بەعس لە دوای نسکۆی ١٩٧٥، بە خێرایی دەستی کرد بە دروستکردنی پشتێنەیەکی ئاسایشی بە درێژایی سنوورەکان بە پانی ٥ تا ٣٠ کیلۆمەتر و لە قۆناغی یەکەمدا ٥٠٠ گوند و تا ساڵی ١٩٧٨ نزیکەی ١٤٠٠ گوندی وێران کرد (دیڤید مەکداول، ٢٠٠٥، ٥٥٦). کاتێک جەنگی عێراق-ئێران لە ساڵی ١٩٨٠دا هەڵگیرسا، ڕژێم ئەم بارودۆخەی بە دەرفەت زانی بۆ کاولکاریی زیاتر و قڕکردنی گەلی کورد (گەلالی، ٢٠٠٩، ٦٥). ئەنفال پرۆسەیەکی بەردەوام بوو کە لە هەموو قۆناغەکاندا لە ژێر پەردەی جیاوازدا خۆی نوێ دەکردەوە؛ ئامانجی سەرەکی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی، خاپوورکردنی کەلتوور و کەسایەتی مرۆڤی کورد بوو (مەنتك، ٢٠٢١، ١٦).

لوتکەی ئەم بەرەنگاربوونەوە خوێناوییە لە ئاداری ١٩٨٨دا لە ڕێگەی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەوە دەرکەوت، کە لوتکەی فاشیزمی ڕژێم بوو بۆ تاقیکردنەوەی چەکی کۆکوژ (گەلالی، ٢٠٠٩، ٧٥). دواتر لە ٤ی ئاداری ١٩٨٨، هێرشە کێوییەکان بە ناوی (ئەنفال) ناوچەکانی گەرمیان، چەمچەماڵ، قەرەداغ و سەرگەڵووی گرتەوە؛ لە ١٠ی نیسانی ١٩٨٨دا زیاتر لە ١٨٢ هەزار مرۆڤی بێتاوان لە گوندەکان کۆکرانەوە و بەرەو بیابانەکانی خوارووی عێراق بردران و زیندەبەچاڵ کران (سەنگاوی، ٢٠١٤، ٢٨٦). بەپێی ئامارە فەرمییەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ئەم تاوانە بووە هۆی ڕووخاندنی ٥ قەزا، ٢٦ ناحیە، ٢٢٤٥ گوند، تێکدانی ١١٤،٦٢٥ خانوو و باڵەخانە، و کۆمەڵکوژکردنی خێزانەکان کە ژمارەی تاکەکانیان (سلێمان، ٢٠١٤، ٧٩-٨٠). مێژووی جیهان لێرەدا وەک قوربانیدانی ڕەها دەرکەوت، بەڵام هاوکات لە ناو جەرگەی ئەم مەینەتییە وێرانکەرەدا، دۆزی کورد لە گۆشەگیریی سیاسی دەرچوو و شوناسێکی نێودەوڵەتی و مرۆیی وەرگرت کە زەمینەی بۆ پشتگیرییەکانی دوای ساڵی ١٩٩١ خۆش کرد (گەلالی، ٢٠٠٩، ٧٥، ١٠٥-١١٠).

ململانێی ئاماژەپێکراو ناتوانێت پەیوەندی بە مێژووی دەرەکییەوە هەبێت. ململانێ و جیاوازی ناوخۆیی قۆناغێکی پێویستە بۆ گەشەکردنی ڕۆح لای خودی خۆی. لادانەکان و زیادکردنەکان قورسییەک پێکنەهێنن، ئەوان گۆڕاوون و خاوەن سروشتێکی مێژوویین بە ڕەهایی(-Klapwijk, 1986, pp. 139 140 هیغل، ١٩٨٦، ٢٣-٢٤، ٥٢) مێژووی ناوەخنی بزووتنەوەی کوردی تەژییە لە ناتەبایی فیکری و سیاسی کە لە ڕوانگەی هێگڵییەوە، بەشێکی حەتمییە لە پرۆسەی گەشەکردنی زاتیی ڕۆحی سیاسی، لە کاتی دانوستانەکانی شوباتی ١٩٦٤ لە ڕانیە لەگەڵ حکومەتی عێراق، ناکۆکی قووڵ لە نێوان مستەفا بارزانی و مەکتەبی سیاسی پارتی دروستبوو نووری شاوەیس سکاڵای هەبوو کە ڕێگەی پێنەدراوە بیروڕای مەکتەبی سیاسی بخاتەڕوو (شەکیب ئاکرەیی، ٢٠٢٣، ٢٢٥). ئەم ناتەباییە لەسەر هەڵوێستی بەرامبەر کودەتاکانی بەغداش ڕەنگی دایەوە؛ کاتێک لە ١٩٦٣دا بروسکەی پیرۆزبایی بۆ ئەنجومەنی شۆڕش نێردرا، بارزانی ڕەخنەی لێگرت چونکە هێشتا نیازی ڕژێم ڕوون نەبوو (گۆمەتاڵی، ٢٠٢٤، ١٣-١٤). جەلال تاڵەبانی لەو بارەیەوە دەڵێت: "دواتر ڕووداوەکان دەریانخست لێکدانەوەی مەکتەبی سیاسی لە جێی خۆی بووە" (ڕەشید، ٢٠١٩، ٢١٨)تەنانەت لە کاتی واژۆکردنی بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، کە بۆ یەکەمجار دان بە مافی ئۆتۆنۆمیدا نرا (مەسعود بارزانی، ٢٠٠٤، ٤٤)، ململانێکان بەردەوام بوون؛ چونکە هیچ لایەک ئامادەیی تەواوی نەبوو و سنووری ئۆتۆنۆمی دیاری نەکرابوو (کۆچێرا، ٢٠٠٦، ٣٦٠؛ سەیف عەدنان قەیسی، ٢٠٢٤، ١٦٧) ململانێی هێزەکان گەیشتە ناو زیندانە ناوخۆییەکانیش کە تێیدا تێکۆشەران دەخرانە بەندیخانەی یەکترەوە (پێنجوێنی، ٢٠٢١، ١٢٥) ئەم ئەنتی-تێزە ناوخۆییە دوای ساڵی ١٩٧٥ قووڵتر بووەوە لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٧٨دا، میدیاکان هەواڵی پێکدادانی توندی نێوان هێزەکانی پارتی و یەکێتییان بڵاوکردەوە کە بووە هۆی کوژران و دەستگیرکردنی سەدان پێشمەرگە و سەرکردە لە ناوچەی برادۆست (ئیدگار ئۆ بالانس، ٢٠٢٢، ٢٧٠) بەڵام لادانە مێژووییەکان نەیانتوانی ڕەوتی سەرەکی مێژووەکە پەکبخەن لە کاتی جەنگی عێراق-ئێراندا، ئەم ململانێ ناوخۆییە بەرەو جۆرێک لە پێویستی یەکگرتن گۆڕا؛ لە تشرینی دووەمی ١٩٨٠دا بەرەی (جوقد) لە دیمەشق دامەزرا، و دوای هەفتەیەک بەرەی (جود) لە ڕاژان بە دەستپێشخەری حیزبی

شیوعی پێک هێنرا تا ڕێگری لە پەراوێزخستنی هێزەکان بکرێت (سەلاح ڕەشید، ٢٠٢٢، ١٩٩) ئەم ململانێ و جیاوازییە ناوخۆییانە، قۆناغێکی پێویست بوون بۆ گۆڕینی عەقڵی سیاسی لە پەرتەوازییەوە بۆ دروستکردنی بەرەی کوردستانی لە مایۆی ١٩٨٨دا (گەلالی، ٢٠٠٩، ٦٥)بەم گۆڕانکاری و کارە، وەک جیاکردنەوەیەکی بەردەوامی زات، و بۆ گەڕاندنەوەی یەکێتی ، پێویستی بە ڕەوتی زەمەن هەیە و تەنانەت پێویستی بە زەمەنێکی زۆر درێژ هەیە. ڕۆح بەردەوام لە ململانێدایە لەگەڵ خۆیدا، ئەو دەبێت بەسەر بەربەستە ناوخۆییەکانی خۆیدا زاڵ بێت کە ڕێگرن لە گەیشتن بە ئازادی تەنها لە ڕێگەی تێپەڕاندنی ئەم دژایەتییە ناوخۆییەوەیە پێگەیشتن دروست دەبێت (هیغل، ١٩٨٦، ٥٧- ٦٠؛ هیجل، ٢٠٠٧، ٤٨-٤٩)تێپەڕاندنی قۆناغی ئەنتی-تێز پێویستی بە کاتێکی درێژ هەبوو، بە تایبەت بەهۆی ناهاوسەنگییەکی گەورە لە نێوان سوپای ڕێکخراوی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەدا. سوپای عێراق لە سەرەتای جەنگی ساڵی ١٩٨٠دا خاوەنی ٤٣٠ هەزار سەرباز بوو، کە لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨دا گەیشتە نزیکەی یەک ملیۆن سەرباز، جیا لە هێزەکانی جیش شەعبی، فەوجە سووکەکان (جاش) و دەزگا هەواڵگرییە فراوانەکانی باکوور کە بۆ سیخوڕیکردن بەسەر پێشمەرگەوە تەرخان کرابوون لە بەرامبەردا، هێزەکانی پێشمەرگە دوای نسکۆی ١٩٧٥ پەرت و بڵاو ببوونەوە؛ چەکەکانیان تەنها کلاشینکۆف و برنەوی پاشماوەی شۆڕش بوو شەڕی بەرەیی بۆ پێشمەرگە مەحاڵ بوو، وەک جەلال تاڵەبانی دەڵێت: سوپای دوژمن لە ئێمە زۆر بەهێزترە. هەربۆیە دەبێت شێواز و جۆری شەڕەکان، شەڕی پێشمەرگانە و پارتیزانی بێت تا دووربین لە کۆکردنەوەی هێز لە بەرامبەر دوژمندا (ڕەشید، ٢٠١٤، ٢٠٨- ٢١٠). نەمانی خەباتی چەکداری وەک نەمانی بەرگریی نەتەوەیەک سەیر دەکرا، بۆیە سەرەڕای سەدان کۆسپ، ڕۆڵەکانی ئەم گەلە بە ئایدۆلۆژیای جیاوازەوە خەباتیان دەستپێکردەوە چونکە خەباتی ڕەوا پێناسەی بوونیان بوو (محەمەد ڕەشید، ٢٠٢٤، ٤٧-٥٣). ئەم ململانێ سەختە ناوخۆیی و دەرەکییە کاتێکی زۆری ویست تا گۆڕانکاری لە عەقڵییەتی هێزەکاندا دروست ببێت؛ دواجار لە ١٩٨٩/٧/٧دا، وەفدی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی کۆببوونەوە و جەختیان لەسەر بەهێزکردنی خەباتی هاوبەش کردەوە، کە ئەمەش نیشانەی تێپەڕاندنی ناتەبایی و گەڕانەوەی ڕۆح بوو بۆ یەکێتی و یەکگرتنێکی نوێ (هەینی، ٢٠٢٥، ٥٩٨-٥٩٩).

مرۆڤ کاتێک لە دۆخی سروشتیدا دەژیت، مەیلی بەرەو کۆیبوون و پشتبەستن بە هێزی دەرەکی هەیە، ئەگەر گەلێک نەگاتە قۆناغی گەشەپێدانی ناوەکی خۆی، بەردەوام دەبێتە قوربانی بەرژەوەندی هێزە گەورەکانی دەروبەری. پشتبەستنی ڕەها بە دەرەوە، نیشانەی کۆیلایەتییەکی شاردراوەیە مێژووی درێژخایەنی گەلی کورد نیشانیدەدات کە پشتبەستنی ڕەها بە هێزە دەرەکییەکان و هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان، هەمیشە ئازادییەکی ساختە و کۆیلایەتییەکی شاردراوەی بەرهەمهێناوە، چونکە کورد زۆرجار بووەتە قوربانی بەرژەوەندی زلهێزەکان (هیجل، ٢٠٠٧، ٥٤؛ گەلالی، ٢٠٠٩، ١٦). شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کاتێک دەگاتە بالاترین قۆناغی خۆی کە لە کردەوە کاتییەکان تێپەڕێت و ببێتە ڕاپەڕینێکی گشتگیر بە ئامانجی دروستکردنی قەوارەیەکی یاسایی و سیاسی ( هیجل، ٢٠٠٧، ٧٨-٨٣؛ وانلی، ٢٠٢٥، ١٧٩-١٨٠) پارتی دیموکراتی کوردستان پێشتر جەختی لەسەر پاراستنی یەکێتی عێراق و گەیشتن بە مافی ئۆتۆنۆمی دەکردەوە لە سایەی سیستەمێکی دیموکراتیدا (جەلال تاڵەبانی، ٢٠١١، ٣٣٣). بەڵام لە ڕێگەی پرۆسەی نەرێکردنی گەلی کورد لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١دا بە تەواوی دۆخی داگیرکاری و ستەمی ئەنفالی ڕەتکردەوە و دامودەزگاکانی ڕژێمی لێکترازاند (گەلالی، ٢٠٠٩، ١١١-١٢٥) دوای کۆڕەوی کۆچبەران و کێشانی هێڵی دژەفڕین، گەل لە پشتبەستنی دەرەکییەوە گوازرایەوە بۆ قۆناغی پێگەیشتن و گەشەپێدانی ناوەکی ئەمەش لە ڕێگەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ و دامەزراندنی یەکەمین پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەرجەستە بوو (گەلالی، ٢٠٠٩، ١٢٦-١٢٨). لێرەدا، ئەنتی-تێزی شکست، کۆیلایەتی شاردراوە و دابەشبوون کۆتایی هات، و ڕۆحی کوردی گەیشتە قۆناغی (سێنتێز) و نواندنی یەکەمین کیانی سیاسی و یاسایی سەربەخۆ لە مێژووی نوێی خۆیدا.

**تەوەرەی چوارەم: قۆناغی سەنتێز( ئەنجامگیری عەقلانی) ڕابوون، ڕاپەڕین و دارشتنەوەی ناسنامەی کوردی**

پرۆسەی مێژوویی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨ بۆ ١٩٩٢، بەرجەستەکردنێکی تەواوی دیالێکتیکی هێگڵییە؛ کاتێک ئەگەرە ناوەکییەکان دەگەنە لوتکەی گەشەکردن، دۆخی نوێ (سەنتێز) لە ناو خۆڵەمێشی دۆخە کۆنەکانەوە سەر هەڵدەدات مێژووی هاوچەرخی کورد تەنیا زنجیرەیەک لە ڕووداوی ڕێکەوت یان ململانێی سەربازیی ڕووت نییە، بەڵکو گەشەکردنێکی عەقلانی و زەروریی ڕۆحی نەتەوەییە لە پێناو ناسینی خود و ئازادیدا. شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ وەک خاڵێکی وەرچەرخان و قۆناغێکی نوێ لە ژیانی نەتەوەیی کورددا سەرهەڵدەدات (ئەم شۆڕشە تێزێکی سیاسیی نوێ بوو کە کۆتایی بە سیستمی پاشایەتی و دەرەبەگایەتی هێنا (گەلاڵی، ٢٠٠٩، ل٢٢-٢٦؛ Clegg, 2002, p-9-13 & Cunha, Cunha؛ Mueller, 1958, pp. 413-414؛ هێگڵ، ٢٠٠٧، ٦٦-٦٩) بەڵام لەبەر ئەوەی فەلسەفەی شۆڕشەکە نەیتوانی لە نێو بازنەی دەسەڵاتی ناوەندیدا داواکارییەکانی نەتەوەیەک جێ بکاتەوە، بە خێرایی تووشی لێکدانی ناوەکی بوولێرەوە شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١ وەک پێویستییەکی مێژوویی لە دایک بوو، چونکە ئەگەر بەریەککەوتن لەگەڵ ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم بوو بە واقیعێکی سەپێنراو بەسەر کورددا ( Cunha, Clegg, 2002, p-11-13 & Cunha؛ شێرزاد زەکەریا، ٢٠٢١، ل٢٥)شۆڕشی ئەیلوول توانی بۆ یەکەم جار لە مێژوودا سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی باکووری کوردستان یەکبخات و خەڵکی پارچەکانی کوردستان بەو هەموو زاراوە و کولتوور و دابونەریتە جیاوازەوە بەیەک ئاشنا بکات (وریا ڕەحمانی، ٢٠٢٤، ل٣٠). ئەمە لە ڕوانگەی فەلسەفەی مێژووەوە قۆناغی چڕبوونەوەی (تێز) بوو. شۆڕش گەیشتە بەرزترین و توندترین شێوەی خۆی کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خەباتی سیاسی، مانگرتن و خۆپیشاندان تێپەڕی و گۆڕا بۆ ڕاپەڕینێکی گشتگیر بە ئامرازی سوپایەکی جەماوەری و ڕێکخراو سوپایەک کە وێڕای کەمیی چەکداری، توانی شکستی زۆر گەورە بەسەر سوپای قاسمدا بهێنێت بەڵام بەپێی یاسای دیالێکتیک، هەر تێزێک لە ناو خۆیدا تۆوی دژەکەی (ئەنتی-تێز) هەڵدەگرێت. لێرەدا، هەم هێزی شۆڕش (تێز) و هەم تاڵاوی شکست (ئەنتی-تێز) یەکدەگرن بۆ بەرهەمهێنانی قەوارەیەکی نوێ (Mueller, 1958, pp. 413-414؛ وانلی، ٢٠٢٥، ل١٧٩-١٨٠؛ کۆچێرا، ٢٠٠٦، ل٢٧٩; هێگڵ، ٢٠٠٧، ٥٩، ٩٥). ململانێی توندی نێوان ئیرادەی ڕزگاریخوازیی کورد و بەرژەوەندیی زلهێزەکان لە ڕێککەوتننامەی جەزائیری ١٩٧٥دا گەیشتە لوتکەی دژایەتی. ڕێککەوتنی جەزائیر تەنیا شکستێکی سەربازی نەبوو، بەڵکو لوتکەی کارکردنی (ئەنتی-تێز) بوو لە مێژووی کورددا، کە تێیدا سوپای عێراق بە هەموو هێزییەوە هێرشەکانی دەستپێکردەوە و وەستاندنی هاوکارییەکانی ئەمریکا و ئێران وەک تیرێکی کوشندە بوو (بورهان ئ. یاسین، ٢٠٢٤، ل٤٥-٤٩). کیسنجەر بە سیاسەتی واقیعبینی خۆی، هیچ بەهایەکی ئەخلاقی بۆ ئەو هاوپەیمانێتییە نەهێشتەوە و بزووتنەوەی چەکداریی کوردی ڕووبەڕووی شکستێکی جەرگبڕ کردەوە ئەم هەرەسە کتوپڕە، لە ڕوانگەی هێگڵییەوە، نەهێشتنی فۆرمە کۆنەکە و زەمینەسازی بوو بۆ سەرهەڵدانی (سەنتێز). تێگەیشتن لەم ڕابردووە تاڵە تەنیا دوای تەواوبوونی پرۆسەکان مومکینە؛ ڕۆحی نوێی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٦ بەدواوە لە ڕێگەی دامەزراندنی پارتە نوێیەکان و دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری خۆی دارشتەوە (بورهان ئ. یاسین، ٢٠٢٤، ل٦٤-٦٨؛ هیغل، ٢٠٠٧، ل٥٤-٥٦؛ شەکیب ئاکرەیی، ٢٠٢٣، ل٦٦١).

نەمانی خەباتی چەکداری نەمانی بەرگریی میللەتێک بوو، بۆیە گەر دە هۆکار هەبوون بۆ کۆتایی هاتن، سەدان هۆکار هەبوون کە ڕۆڵەی ئەم گەلە خەباتی چەکداری دژی هێزی خۆسەپێن دەستپێبکەنەوە (ڕەشید، محەمەد، ٢٠٢٤، ل٤٧-٥٣)ئەم قۆناغە نوێیەی خەبات (١٩٧٦-١٩٨٨) چەمکی شۆڕشی لە فۆرمە خێڵەکی و عەشایەرییەکەی پێشوو پاککردەوە و بەرەو فۆرمێکی ئایدۆلۆژی و ڕێکخراوەیی باڵاتر

برد، که پێشەکییەک بوو بۆ سەنتێزی کۆتایی لەساڵی ١٩٩١دا گۆڕانی سەروەری مێژوویی لە عاتیفەی خێڵەکییەوە بۆ عەقڵانییەتی یاسایی(هیگل، ١٩٨٦، ل٢٩-٣١)گۆڕانی پێکهاتەی بزووتنەوەی کورد لە خەباتێکی ناوچەیی و خێڵەکییەوە بۆ دامەزراوەیەکی یاسایی و خاوەن کیان، نیشانەی بازدانی ڕۆحی نەتەوەییە بۆ قۆناغی شارستانیی گەورە کاتێک چاو لە بزووتنەوەی شێخ مەحموودی حەفید دەکەین لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی، دەبینین بۆ یەکەم جار خەباتی نیشتمانیی کورد دەکەوێتە بەرانبەر هێزێکی گەورەی جیهانی وەک بەریتانیا، و ئەو بازنە تەسکە ناوچەییە بۆ ئاسۆی بەرفراوانی نێودەوڵەتی دەشکێنێت (هیگل، ٢٠٠٧، ل٥٣؛ ئەبووبەکر، ٢٠٠٥، ل٣٠) بەڵام ئەم بزووتنەوەیە هێشتا بە تەواوی لە عاتیفەی خێڵەکی و دەرەبەگایەتی دانەبڕابوو؛ کاتێک کۆلۆنێل ویڵسن لە ساڵی ١٩١٨ دێتە سلێمانی، تێبینی دەکات کە شێخ مەحموود حوکمرانییەکی دەرەبەگایەتی و عەشایەری دەکات و سەرۆک عەشیرەتەکانیش هەر یەکە داوای جۆرێک لە دەسەڵات دەکەن (سەنگاوی، ٢٠١٤، ل٣٣٢).

ئەم کێماسییە پێکهاتەیییە نیشانی دەدات کە عەقڵانییەتی دامەزراوەیی هێشتا لە واقیعدا جێگیر نەببوو گەشەکردنی دواتری بیرۆکەکە یان دیاریکردنی هەرە گەورەی، هەمان شت و خودی خۆیەتی؛ کاتێک گەشەکردن وەک پێشکەوتن تەنها بڵاوبوونەوە و دابەشبوون نییە، بەڵکو ئەو هاوئاهەنگییەکی بەهێزتر و چڕترە لە درێژبوونەوەکە (هیغل، ١٩٨٦، ل٣٦-٣٩-٤٣)مێژووی کورد لەم قۆناغەوە بەرەو پێشەوە دەچێت تا دەگاتە ئەزموونی کۆماری مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦. کۆمار تەنیا ڕووداوێکی سیاسی نەبوو، بەڵکو گواستنەوەی ڕۆحی کوردی بوو لە حاڵەتی عاتیفییەوە بۆ حاڵەتی یاسایی و فەرمی. لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماردا، قازی محەمەد بە فەرمی یاسای خوێندنی زۆرەملێی قۆناغی سەرەتایی دەرکرد، منداڵانی هەژار بە خۆڕایی دەیانخوێند، و پەرتووکی کوردی بۆ تەواوی قۆناغەکان چاپکرا (جەوەیدە، ٢٠٠٨، ل٥٣٥)ئەم هەنگاوانە مانیفێستکردنی عەقڵ بوو لە ناو دامەزراوەدا. گەلی کورد لەم قۆناغەدا فێربوو کە ئازادی بە بێ یاسا و دامەزراوەی فەرمی ناپارێزرێت. کاتێک گەلێک یاسا و داتاشراوەکانی دەوڵەت وەک ئیرادەی خۆی دەبینێت، لێرەدا ئازادی لە واقیعدا جێگیر دەبێت ئەگەرچی کۆماری مەهاباد بەهۆی هاوکێشە نێودەوڵەتییەکانەوە تەمەنی کورت بوو، بەڵام توانی مۆدێلێکی نوێ لە بیرکردنەوەی سیاسی پێشکەش بکات کە تێیدا ناسنامەی نەتەوەیی لە خێڵەوە دەگۆڕێت بۆ دەوڵەت و یاسا. ئەم گۆڕانکارییە چۆنایەتییە لە شۆڕشی ئەیلوول و دەرەنجامەکەیدا کە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ بوو، ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبوو. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی میللەتی کورددا دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری، بەهۆی بەڵگەنامەیەکی یاساییەوە، دانی بە مافە سیاسییەکانی گەلی کورددا نا (هیغل، ٢٠٠٧، ل٥٣-٥٥؛ مەسعوود بارزانی، ٢٠٠٤، ل٤٤). ماددەی بنەڕەتیی ئەم ڕێککەوتننامەیەش دانانان بوو بە ئۆتۆنۆمیی گەلی کورد (کۆچێرا، ٢٠٠٦، ل٣٥٨).

لێرەدا، عەقڵی سیاسیی کورد لە قۆناغی یاخیبوونی ڕووتەوە گۆڕا بۆ لایەنێکی یاسایی لە هاوکێشەی نێودەوڵەتیدا، کە نیشانەی بازدانێکی گەورەی مێژوویی بوو. لە ڕوانگەی دیالێکتیکی مێژووەوە، قۆناغی (نەرێبوون یان ئەنتی-تێز)، زۆرجار بە توندوتیژی و کارەساتی گەورەدا تێپەڕ دەبێت، کە تێیدا بوونی نەتەوەیەک دەخرێتە ژێر پرسیاری سڕینەوەی ڕەهاوە. پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفال لە ساڵی ١٩٨٨ و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، گەورەترین  هۆی ئەم (نەرێبوونە) توندوتیژە بوون، لە مێژووی هاوچەرخی کورددا ئەنفال پلانێکی پێشوەختە و سیستماتیکی ڕژێمی بەعس بوو بۆ قڕکردنی گەلی کورد و وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی لادێکان(هیغل، ١٩٨٦، ل٣٩-٤٢؛ گەلانی، ٢٠٠٩، ل٨١-٩٠). لەم پرۆسەیەدا، حکومەتی فاشی عێراق زیاتر لە ١٨٢,٠٠٠ هەزار کەسی لە دانیشتووانی گوندەکانی کۆکردەوە و بەرەو باشووری عێراق بردنی و لەناوی بردن (سەنگاوی، ٢٠١٤, ل٢٨٦)ئەم کارەساتە لە ڕووی ئامارییەوە تەنیا ژمارە نەبوو، بەڵکو هەوڵێک بوو بۆ لەناوبردنی تەواوی واقیعی ماددی و کولتووریی نەتەوەیەک. (سلێمان، ٢٠١٤، ل٧٩-٨٠) ئەنفال پرۆسەیەکی بەردەوام بوو دژی کورد لە ژێر ناوی جیاوازدا، کە ئامانجی قڕکردن، سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی، و خاپوورکردنی کەلتوور و کەسایەتیی مرۆڤی کورد بوو (مەنتک، ٢٠٢١، ل١٦).


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ / المجلد ١٦ / العدد ١٠

لێرەدا، پرسیارە فەلسەفییەکە ئەوەیە چۆن ئەم قۆناغە تاریکە وەک بەشێک لە مێژووی عەقڵانی دەردەکەوێت؟ وەڵامەکە لەوەدایە کە (نەرێیوونی ڕەها) هێزی ناوەکیی نەتەوە دەبزوێنێت بۆ ڕەتکردنەوەی دۆخی مەوجود. ئەنفال و هەڵەبجە، لە کاتێکدا کە دەیانویست بوونی کورد بێناونیشان بکەن، بوونە هۆی ئەوەی کە تاکی کورد بگاتە ئەوپەڕی هۆشیاریی نەتەوەیی و تێبگات کە مانەوەی تەنیا لە ڕێگەی گۆڕینی ڕیشەیی هاوسەنگیی هێزەوە مسۆگەر دەبێت. ئەم مەرگەساتە گەورەیە، لەلایەکەوە قووڵایی مەینەتییەکانی کوردی نیشانی جیهان دا، و لەلایەکی دیکەوە بووە خاڵی وەرچەرخان لە ناساندنی دۆزی کورد و بەنێودەوڵەتیبوونی لەسەر ئاستی جیهان (گەڵانی، ٢٠٠٩، ل٧٥). بەم شێوەیە، کارەساتەکە خۆی بوو بە هێزی پاڵنەر بۆ ڕەتکردنەوەی داپڵۆسین، و جیهانی گەیاندە ئەو بڕوایەی کە دۆخی عێراق بەو شێوازە ناتوانێت بەردەوام بێت. لوتکەی ستەم، لوتکەی هۆشیاریی شۆڕشگێڕی بەدوای خۆیدا هێنا، کە ئەوەش لۆژیکی ناوەکیی دیالێکتیکی مێژووە.ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دامەزراندنی کیانی سیاسی وەک سەنتێزی مێژوویی کاتێک ئەگەرە ناوەکییەکان دەگەنە لوتکەی گەشەکردن، دۆخی نوێ لە ناو خۆڵەمێشی دۆخە کۆنەکانەوە سەر هەڵدەدات (هیگڵ، ٢٠٠٧، ٣٨-٤٠). دوای ساڵانێکی درێژ لە گۆشەگیریی سیاسی و تاڵاوی ئەنفال و جینۆساید، ڕۆحی نەتەوەیی کورد گەیشتە قۆناغی بازدانی گەورە. ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، وەڵامدانەوەیەکی جەماوەری و شۆڕشگێڕانەی یەکلاکەرەوە بوو دژی دەیان ساڵ لە زوڵم، ئەنفال و چەوساندنەوە ڕاپەڕین ئەو چرکەساتە مێژووییە بوو کە تێیدا تێز (ئیرادەی ڕزگاریخوازی) و ئەنتی-تێز (کارەساتی شکست و چەوساندنەوە) لە ئاستێکی باڵاتردا یەکیان گرت بۆ بەرهەمهێنانی سەنتێز، کە ئەویش کیانی سیاسی و ئازادی واقیعی بوو. (گەڵالی، ٢٠٠٩، ل١١١-١٢٥). لێرەدا، چەمکی ئازادی لە حاڵەتێکی عاتیفی و دروشمی شۆڕشگێڕییەوە گۆڕا بۆ دامەزراوەی فەرمی؛ پەرلەمان و حکومەت بوونە ئەو ئامرازانەی کە ئیرادەی گشتیی میللەتێکیان بەڕێوە دەبرد. بەهۆی ئەم قوربانییە بێشومارانەوە، دۆزی کورد لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکاندا لە گۆشەگیری دەرچوو و وەک دۆسێیەکی مرۆیی و سیاسیی گرنگ سەیرکرا (گەلالی، ٢٠٠٩، ل ٩٠-١١٠).

پاش کۆڕەوە ملیۆنییەکە و کێشانی هێڵی پاراستنی نەوا (ناوچەی دژەفڕین) لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، گەلی کورد توانی لە نێو ناخۆشترین دەردەسەرییەکاندا (پێنجوێنی، ٢٠٢١، ل ١٢٥) یەکەمین ئەزموونی حوکمڕانیی خۆجێیی خۆی لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢ و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تاقی بکاتەوە، کە ئەمەش بوو بە یەکەمین هەنگاوی کرداری بەرەو دامەزراندنی کیانێکی سیاسی و یاسایی نیمچە-سەربەخۆ لە مێژووی نوێی باشووری کوردستاندا (گەلالی, ٢٠٠٩، ل ١٢٦-١٢٨)پێشکەوتنی مێژوویی هەمیشە پرۆسەیەکی کراوەیە و کاتێک قۆناغێکی نوێ دێتە کایەوە، خۆی دەبێتە تێزێکی نوێ کە دیسانەوە ڕووبەڕووی تەحەدیاتی تر دەبێتەوە (هیگڵ، ٢٠٠٧، ٦٤-٧٧، ٩١-٩٤-١١٢-١١٣) دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢دا، کۆتایی مێژووی کورد نییە، بەڵکو کۆتایی قۆناغی شۆڕشی چەکداریی کلاسیک و سەرەتای قۆناغێکی نوێیە ئەم کیانە نوێیە خۆی دەبێتە تێزێکی نوێ کە لە ناوخۆیدا ڕووبەڕووی تەحەددیاتی نوێی وەک بونیادنانی دیمۆکراسی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، و ململانێ نێوخۆییەکان دەبێتەوە ڕۆحی جیهان هەرگیز ناوەستێت، بەڵکو هەمیشە لە هەوڵی بەدەستهێنانی ئازادییەکی ڕەها و تەواوەتیتردایە لە ڕێگەی گۆڕانی بەردەوامەوە (هیغل، ٢٠٠٧، ٢٩-٣٣، ٣٧-٤٤، ٥٦-٦٣). کیانی سیاسیی ساڵی ١٩٩٢ لوتکەی گەیشتنی ڕۆحی کوردی بوو بە ناسیۆنالیزمێکی دامەزراوەیی، کە تێیدا مێژووی پڕ لە کارەسات و شکست و خەبات، لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی کوردیی یاساییدا مانا ڕاستەقینەکەی خۆی دۆزییەوە.

## ئەنجام

**یەکەم:** لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد لە چوارچێوەی فەلسەفەی هیگڵیدا دەیسەلمێنێت کە شکستە یەک لەدوای یەکەکانی سەدەی بیستەم بە واتای کۆتایی ناهێن، بەڵکو وەک ڕەگەزێکی دیالێکتیکی پێویست بۆ پەرەسەندنی هۆشیاریی نەتەوەیی کاردەکەن. مێژوو لە ڕێگەی زەبر و دژایەتییەکانەوە بەرەو پێش دەچێت؛ هەر دارمانێکی سیاسی لە ڕاستیدا "نەرێکردنێکی" کاتییە کە دەبێتە هۆی تێپەڕاندنی قۆناغی پێشوو و ئامادەکردنی زەمینە بۆ هۆشیارییەکی نوێ. ئەم پرۆسەیە تاکی کورد فێری گرنگی یەکێتی و بونیادنانی هێزی عەقڵانی دەکات، بۆیە شکستەکان وەک وێستگەی کاتی بۆ پێگەیشتنی ناوخۆیی هزر لێکدەدرێنەوە.

**دووەم:** قۆناغی "تێز" لە مێژووی هاوچەرخی کورددا، بەرجەستەکەری یەکەمین چەخماخەی بزاوتەکان و دروستبوونی هۆشیارییەکی سۆزداری بوو. لەم قۆناغەدا ناسنامەی نەتەوەیی هێشتا لەناو پێکهاتە لۆکاڵی و خێڵەکییەکاندا گیرابوو، بەڵام لایەنی ئەرێنی ئەم قۆناغە لەوەدا بوو کە توانی بێدەنگیی مێژوویی بشکێنێت و خواستێکی ڕوون بۆ ئازادی بخاتە ڕوو. هەرچەندە بەهۆی نەبوونی دامەزراوەی مۆدێرن نەیتوانی بەرگەی گۆڕانکارییە جیۆپۆلەتیکییەکان بگرێت، بەڵام وەک یەکەم "ڕاگەیاندنی بوون"ی سیاسی و فیکری کورد لە مێژوودا دەمێنێتەوە.

**سێیەم:** قۆناغی "ئەنتی تێز" کە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بە شکست و دابەشبوونی بزووتنەوەکان دەستی پێکرد، وەک هێزێکی نەرێکار دەرکەوت. ململانێ ئایدۆلۆژی و شەڕی ناوخۆیی بوونە هۆی پاشەکشەی گەورە، بەڵام لە ڕوانگەی دیالێکتیکییەوە، ئەم قۆناغە بۆ دەرخستنی کەموکوڕییە بنەڕەتییەکانی عەقڵی سیاسی کوردی زۆر گرنگ بوو. عەقڵ تەنها لە ڕێگەی بەریەککەوتن لەگەڵ "دژەکەی خۆیدا" دەتوانێت لە خاڵە لاوازەکانی تێبگات؛ بۆیە ئەم کارەساتانە بوونە هۆی ئەوەی گوتاری سیاسی کورد پێداچوونەوە بە خۆیدا بکات و لە قاڵبە کۆنەکان ڕاپەڕێت.

**چوارەم:** ململانێی نێوان شکست و ڕابوون لە مێژووی کورددا پرۆسەیەکی هێڵی و سادە نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی "مارپێچی" ئاڵۆزە. هەر شکستێک تۆوی ڕابوونێکی نوێی لەناو خۆیدا هەڵگرتووە و هەر ڕابوونێکیش ئەگەر نەگۆڕێت بۆ دامەزراوەی عەقڵانی، دووبارە تووشی نەرێکردن دەبێتەوە. ئەم بازنە مێژووییە نیشانی دەدات کە هۆشیاریی سیاسی کورد بەردەوام لە نێوان شوناسی نەریتی و داواکارییەکانی مۆدێرنێتەدا لە تاقیکردنەوەدایە، ئەمەش کرۆکی ژیانی دیالێکتیکی مرۆڤی کورد پێکدەهێنێت کە لە نێوان هیوای ڕزگاری و ترسی دارماندا دەژی.

**پێنجەم:** ئەنجامی کۆتایی ئەم خوێندنەوەیە پێمان دەڵێت کە ڕابوونی ڕاستەقینە تەنها کاتێک دێتە بەرهەم کە هۆشیاریی سیاسی کورد بگاتە قۆناغی "سێنتێز". لەم قۆناغەدا دەبێت هەموو ئەزموونە تاڵەکان و وانەکانی شکست کۆبکرێنەوە و بکرێن بە بزوێنەرێکی عەقڵانی بۆ بونیادنانی قەوارەیەکی نەتەوەیی مۆدێرن. ئەم قەوارەیە دەبێت لەسەر بنەمای دامەزراوەی مۆدێرن و سەروەری یاسا بێت، نەک سۆزی کاتی و خێڵایەتی. کورد تەنها بە گۆڕینی ترسی شکست بۆ وزەیەکی فیکری داهێنەر، دەتوانێت ببێتە بکەرێکی کاریگەر لە مێژوودا و شوناسێکی سیاسی سەربەخۆ و واقیعی بەدەستبهێنێت.

**لیستی سەرچاوەکان:**


- ئەبو بەکر، ئەحمەد عوسمان.، ٢٠٠٥ .کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژوویيدا . وەرگێڕانی ئازاد عوبێد ساڵح. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
- بارزانی، مەسعود.، ٢٠٠٤ .بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد: شۆڕشی ئەيلوول ١٩٦١- ١٩٧٥ .بەرگی سێیەم، بەشی دووەم. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- براین ڕۆبەرت گیبسن.، ٢٠٢٢ .ئەریٚ کورد بوونە بەردەباز؟ .!وەرگێڕانی شەفیق حاجی خدر. سلێمانی: دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان.
- بورهان حاتەم گۆمەتاڵی.، ٢٠٢٤ .هەڵمەتی ڕەشبگیری ساڵی ١٩٦٣ی هەولێر لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکومەتی عێراقدا .هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
- بورهان ئ. یاسین.، ٢٠٢٤ .کورد لە ناوەڕاستی رێگادا: خوێندنەوەیەک بۆ سیاسەتی واقیعبینی کیسنجەر .سلێمانی.
- پێنجوێنی، محەمەد ئەمین.، ٢٠٢١ .چۆن بووم بەپرد؟! بیرەوەرییەکانی .سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.
- جەلال تاڵەبانی.، ٢٠١١ .کوردستان وبزوتنەوەی نەتەوەیی کورد .وەرگێڕانی ح-١. سلێمانی: کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر.
- جەوەیدە، وەدیع و.، ٢٠٠٨ .جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد .وەرگێڕانی ی. سەردەشتی. سلێمانی: چاپخانەی سیما.
- زامدار ئەحمەد.، ٢٠٢٣ .کۆیە لە سەردەمی شۆڕشی ئەيلوول دا ١٩٦١-١٩٧٥ .هەولێر: چاپخانەی دانیشفەر.
- ژان پرادیێر.، ٢٠٢٥ .شۆڕشی بێدەنگ .وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: هەڵگۆرد شوکر. هەولێر: چاپخانەی دانیشفەر.
- سەجادی، عەلائەدین.، ١٩٥٩ .مێژووی ڕاپەڕینی کورد .چاپی یەکەم (تێبینی: چاپی دووەم لە ١٩٩٦ لە سەقز بڵاوکراوەتەوە). تاران/سەقز.
- سەلاح ڕەشید.، ٢٠١٩ .مام جەلال: دیداری تەمەن لە لاوێتییەوە بۆ کۆشکی کۆماری .بەرگی یەکەم. سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان.
- سەلاح ڕەشید.، ٢٠٢٢ .شەڕی ناوخۆی کورد بۆچی سەری هەڵدا؟ چۆن گەشەی کرد؟ سەرەنجام .!چاپی دووەم. سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان.
- سلێمان، تەها.، ٢٠١٤ .جینۆسایدی گەلی کورد (بەڵگەنامەکانی ئاماری سلێمانی) .چاپی یەکەم. [بێ شوێنی چاپ].




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

- سەیف عەدنان قەیسی.، ٢٠٢٤ .کنەکردن لە یادوەرێدا: عزیز محەمەد .وەرگێڕانی لوقمان باپیر. هەولێر: ناوەندی ئاشتی.
- سەنگاوی، نەجم.، ٢٠١٤ .کوردستان و سەرکردە و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی لە (١١٦٩-١٩٩٥ز) .چاپی یەکەم. [بێ شوێنی چاپ].
- شەکیب ئاکرەیی.، ٢٠٢٣ .ساڵانی مەینەتی لە کوردستان: گرنگترین ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی کوردستان و عێراق (١٩٥٨-١٩٨٠) .وەرگێڕانی کاوە هاوراز. هەولێر: دەزگای فام بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- شێرزاد زەکەریا محەمەد.، ٢٠٢١ .ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان – عێراق ١٩٦٤-١٩٧٠ .دهۆک: توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی.
- عەلی تەتەر نێرەوەیی.، ٢٠٢٢ .سیاسەتی حکومەتی عێراق لە کوردستان لە سایەی بەڵگەنامە فەرمییەکاندا ١٩٧٥-١٩٩١ .بەرگی یەکەم. دهۆک: کتێبخانا جزیری.
- عیسمەت شەریف وانلی.، ٢٠٢٥ .کوردستانی عێراق وەک قەوارەیەکی نەتەوەیی: لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٦٩ .وەرگێڕانی هەڵگورد شوکر. هەولێر: بڵاوکراوەکانی ئینسکلۆپیدیای پ.د.ک، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- کرێس کۆچێرا.، ٢٠٠٦ .کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەم دا .وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف. چاپی سێیەم. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- گەلالی، کەمال عومەر ئەحمەد.، ٢٠٠٩ .باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٥٨ەوە تا ئەمڕۆ . چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی کاروان.
- مەنتک، کامەران.، ٢٠٢١ .کوردستان لە ڕۆژگارە سەختەکاندا .هەولێر: بڵاوکراوەی ئەلیکترۆنی.
- محەمەد ڕەشید، هـ. م.، ٢٠٢٤ .خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان (١٩٧٦-١٩٨٨): پارتی و سۆسیالیست و پاسۆک بەنموونە .هەولێر: بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی دانیشفەر.
- میڤان عارف بادی.، ٢٠٠٥ .الحركة القومية التحررية في كوردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٣ . دهۆک: دار سپيريز للطباعة والنشر.
- وریا ڕەحمانی.، ٢٠٢٤ .شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی فەرەنسادا ١٩٦١-١٩٧٦ . هەولێر: چاپخانەی ڕۆکسانا.
- هێمن محەمەد (محەمەد، مەلا مستەفا).، ٢٠١٦ .یادەوەرییەکان و گفتوگۆکانی سلێمانی . چاپی یەکەم. سلێمانی.
- هەینی، شێرزاد.، ٢٠٢٥ .بیرەوەرییەکانی فوئاد مەعسووم .هەولێر: دەزگای فام.

- ئێدگار ئۆ بالآنس.، ٢٠٢٢ .كرۆنۆلۆژیای شۆڕش و خەباتی کورد لە سەدەی نۆزدەوە تا ساڵی ١٩٩٤ .وەرگێڕانی دالشاد میران. هەولێر: چاپخانەی مناره.
- ئیبراهیم جەلال.، ٢٠٢١ .باشوری کوردستان و شۆڕشی ئەیلول: بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥ .چاپی چوارەم. سلێمانی.
- ئەبووبەکر، ئەحمەد عوسمان (٢٠٠٥) کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژوویدا. وەرگێڕانی ئازاد عوبێد ساڵح. هەولێر: دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی.
- بادی، میڤان عارف (٢٠٠٥) الحركة القومية التحررية في كوردستان العراق ١٩٥٨-١٩٦٣، دار سپيريز للطباعة والنشر، دهۆک.
- بارزانی، مەسعوود (٢٠٠٤) بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥، بەرگی سێیەم بەشی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- جەوەیدە، وەدیع و. (٢٠٠٨) جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد. وەرگێڕانی ی. سەردەشتی. سلێمانی: چاپخانەی سیما.
- جەلال، ئیبراهیم (٢٠٢١) باشوری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول بنیاتنان و هەڵتەکاندن ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی چوارەم، سلێمانی.
- ڕەشید، محەمەد (٢٠٢٤) خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان (١٩٧٦-١٩٨٨) پارتی و سۆسیالیست و پاسۆک بەنموونە. هەولێر: لە بلاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی دانیشفەر.
- زەکەریا محەمەد، شێرزاد (٢٠٢١) ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کوردستان – عێراق، توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی گشتی ١٩٦٤-١٩٧٠، دهۆک.
- سلێمان، تەها (٢٠١٤) جینۆسایدی گەلی کورد، بێ چاپ و شوێنی چاپ.
- سەنگاوی، نەجم (٢٠١٤) کوردستان و سەرکردە و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی لە (١١٦٩-١٩٩٥ز). چاپی یەکەم، هەولێر.
- شەکیب ئاکرەیی (٢٠٢٣) ساڵانی مەینەتی لە کوردستان گرنگترین ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی کوردستان و عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٨٠)، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: کاوە هاوراز، دەزگای فام بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، هەولێر.
- کۆچێرا، کرێس (٢٠٠٦) کورد لەسەدەی نۆزدە و بیستەم دا، وەرگێرانی: حەمە کەریم عارف، چاپی سێیەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- گەلاڵی، ک. ع. (٢٠٠٩) باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٥٨وە تا ئەمرۆ، چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی کاروان.




Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 10
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

- مەنتک، کامەران (٢٠٢١) کوردستان لە ڕۆژگارە سەختەکاندا. هەولێر: هەرێمی کوردستان. (شێوازی ئەلیکترۆنی).
- هیگڵ، گ. و. ف. (١٩٨٦) عەقڵ لە مێژوودا، وەرگێڕانی فەتاح عەبدولجەبار، بەیرووت: دار تەن ویر.
- هیگڵ، گ. و. ف. (٢٠٠٧) فەلسەفەی مێژوو، وەرگێڕانی د. نەدیم جەعفەر، بن غازی: دار ئەلکوتب ئەلمەقەرەبا.
- وانلی، عیسمەت شەریف (٢٠٢٥) کوردستان لە عێراق وەک قەوارەیەکی نەتەوەیی، لێکۆلینەوەیەک لە بارەی شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١- ١٩٦٩، بەکوردی کردنی لەفەرەنسییەوە: هەڵگورد شوکر، لە بڵاوکراوەکانی ئینسکلۆپیدیای پ.د.ک، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
- وریا ڕەحمانی (٢٠٢٤) شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگە نامە نهێنییەکانی فەرەنسادا ١٩٦١-١٩٧٦، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر.
- یاسین، بورهان ئ. (٢٠٢٤) مێژووی سیاسی و هاوسەنگی هێز، چاپی دووەم، سلێمانی.
- ئەبو بەکر، ئەحمەد عوسمان (٢٠٠٥) .**کورد و کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژووییدا** . وەرگێڕانی ئازاد عوبێد ساڵح. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
- ئاکرەیی، شەکیب (٢٠٢٣) .**ساڵانی مەینەتی لە کوردستان: گرنگترین ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی کوردستان و عێراق لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٨٠)** .وەرگێڕانی کاوە هاوراز. هەولێر: دەزگای فام.
- بارزانی، مەسعود (٢٠٠٤) .**بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد: شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥**، بەرگی سێیەم، بەشی دووەم. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- بادی، دڵشاد (٢٠٠٥) .**کوردستان و عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٦٨** .دهۆک.
- پێنجوێنی، مەلا عەلی (٢٠٢١) .**بیرەوەرییەکانم لە ناو شۆڕشدا** .سلێمانی.
- تاڵەبانی، جەلال (٢٠١١) .**کوردستان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد** .بەرگی یەکەم، بەغدا.
- جەوەیدە، وەدیع و. (٢٠٠٨) .**جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد** .وەرگێڕانی ی. سەردەشتی. سلێمانی: چاپخانەی سیما.
- دێڤید، مەکداول (٢٠٠٥) .**مێژووی هاوچەرخی کورد** .وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو. سلێمانی: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم.
- پرادێر، ژان (٢٠٢٥) .**کوردستان و کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا** .وەرگێڕانی کامەران حەمە. هەولێر.

- ڕەحمانی، وریا (٢٠٢٤). **شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی فەرەنسادا ١٩٦١-١٩٧٦**. چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر.
- ڕەشید، محەمەد / محەمەد ڕەشید، هـ. م. (٢٠١٤/٢٠٢٤). **خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان (١٩٧٦-١٩٨٨): پارتی و سۆسیالیست و پاسۆک بەنموونە**. هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، چاپخانەی دانیشفەر.
- ڕەشید، سەلاح (٢٠١٩/٢٠٢٢). **دیداری تەمەن: لە بزاڤی ڕووناکبیرییەوە بۆ سکرتارییەتی یەکێتی**. بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، سلێمانی.
- زەکەریا، شێرزاد (٢٠٢١). **پارتی دیموکراتی کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا ١٩٦١-١٩٧٠**. دهۆک.
- سەیف عەدنان قەیسی. (٢٠٢٤). **حیزبی بەعس و کێشەی کورد لە عێراقدا ١٩٦٨-١٩٧٤** . وەرگێڕانی عەلی فەتحی. هەولێر.
- سەجادی، عەلائەدین (١٩٥٩/١٩٩٦). **مێژووی ڕاپەڕینی کورد / مێژووی ڕاپەڕینی کورد** . چاپی یەکەم (١٩٥٩) بەغدا، چاپی دووەم (١٩٩٦) سەقز.
- سەنگاوی، نەجم (٢٠١٤). **کوردستان و سەرکردە و ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی لە (١١٦٩-١٩٩٥ز)**. چاپی یەکەم، هەولێر.
- سلێمان، تەها (٢٠١٤). **جینۆسایدی گەلی کورد (بەڵگەنامەکانی ئاماری پارێزگای سلێمانی)** . بێ چاپ و شوێنی چاپ.
- عەلی تەتەر (٢٠٢٢). **بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٧٩**. بەرگی یەکەم، هەولێر.
- گۆمەتاڵی، ئارام (٢٠٢٤). **کودەتای ٨ی شوبات و کاریگەرییەکانی لەسەر پرسی کورد لە عێراق**. هەولێر.
- گەلالی / گەلانی، ک. ع. (٢٠٠٩). **باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٥٨ەوە تا ئەمڕۆ**. چاپی یەکەم. هەولێر: چاپخانەی کاروان.
- گیبسن، براین ڕۆبەرت (٢٠٢٢). **شەڕی ناوخۆی کورد و دەستوەردانی دەرەکی: سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق ١٩٥٨-١٩٧٥**. وەرگێڕانی دانا عەسکەر. هەولێر.
- کۆچێرا، کریس (٢٠٠٦). **مێژووی نەتەوەی کورد و جووڵانەوەکانی**. وەرگێڕانی محەمەد ڕەیانی. تاران.
- مەنتک، کامەران (٢٠٢١). **کوردستان لە ڕۆژگارە سەختەکاندا**. هەولێر: هەرێمی کوردستان (شێوازی ئەلیکترۆنی).

- هۆبسبام، ئێدگار ئۆ بالآنس (٢٠٢٢)  .**کرۆنۆلۆژیای شۆڕش و خەباتی کورد لە سەدەی نۆزدەوە تا ساڵی ١٩٩٤** .وەرگێڕانی دڵشاد میران. هەولێر.
- هيغل، جی و فريديريش (١٩٨٦)  .**موسوعة العلوم الفلسفية - فلسفة التاريخ**  .ترجمة د. إمام عبد الفتاح إمام. القاهرة: دار التنوير.
- هيجل، جورج فيلهلم فريديريش (٢٠٠٧) .**عقل التاريخ** .ترجمة عبد الفتاح إمام. بيروت: دار التنوير للطباعة والنشر.
- هەینی، شێرزاد (٢٠٢٥) .**بیرەوەرییەکانی فوئاد مەعسووم** .هەولێر: دەزگای فام.
- وانلی، عیسمەت شەریف (٢٠٢٥)  .**کوردستانی عێراق و شۆڕشی نەتەوەیی**  .وەرگێڕانی زانا ناسێح. سلێمانی.
- یاسین، بورهان ئ. (٢٠٢٤) .**کۆتایی شەڕی بە وەکالەت و هەرەسی شۆڕش** .سلێمانی.
- هيجل، ج. ف. ف.، ٢٠٠٧    .العقل في التاريخ: المجلد الأول من محاضرات في فلسفة التاريخ .وەرگێڕانی *د. إمام عبد الفتاح إمام. چاپی چوارەم. بيروت: دار التنوير للطباعة والنشر والتوزيع.
- هيغل، ج. و. ف.، (١٩٨٦). محاضرات في تاريخ الفلسفة: مقدمة حول منظومة الفلسفة وتاريخها. ترجمة: د. خليل أحمد خليل. بيروت: المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع.

**سەرچاوە بیانیەکان:**

- Klapwijk, J., 1986. Antithesis, Synthesis, and the Idea of Transformational Philosophy. Philosophia Reformata, 51, pp.138-154.
- Mueller, G.E., 1958. The Hegel Legend of "Thesis-Antithesis-Synthesis". Journal of the History of Ideas, 19(3), pp.411-414.
- Cunha, M.P.E., Cunha, J.V.D. and Clegg, S.R., 2000. Management: Thesis, Antithesis, Synthesis. Lisbon: Universidade Nova de Lisboa

**List of sources:**

- Abu Bakr ,Ahmad Osman ., Kurds and Kurdistan in a collection of historical articles . Translated by Azad Obed Salih .Erbil: Mukriani Publishing House .

- Barzani ,Massoud ., Barzani and the Kurdish Liberation Movement: September Revolution 1961-1 Volume III, Part II. Erbil :Ministry of Education Printing House .
- Brian Robert Gibson., 2022 . Have the Kurds become stone throwers ?!. Translated by Shafiq Haji Khadr. Sulaimani: Jamal Irfan Cultural Institute .
- Burhan Hatem Gomatali ., The 1963 Erbil blackmail campaign in secret Iraqi government documents . Erbil :Salahaddin University Printing House .
- Burhan A .Yasin ., Kurds in the Middle of the Road: A Reading of Kissinger's Realistic Policy . Sulaimani
- Penjweni ,Mohammed Amin ., How did I become a bridge?! Memories of . Sulaimani: Karo Printing House .
- Jalal Talabani ., Kurdistan and the Kurdish National Movement . Translation H-1. Sulaimani: Jamali Ali Bapir Library .
- Jawaida ,Wadi W., 2008 . Kurdish National Movement Translated by Y . Sardashti. Sulaimani: Sima Printing House .
- Zamdar Ahmad ., Koya during the September Revolution 1961-1 Erbil: Danishfar Printing House .
- Jean Pradier ., The Silent Revolution . Translated from French by Halgord Shukr. Erbil :Danishfar Printing House .
- Sajadi ,Alaeddin, 1959 . Kurdish Uprising History First edition (Note: The second edition was published in 1996 in Saqiz). Tehran /Saqiz
- Sala H Rashid ., Mam Jalal: Meeting of life from youth to the Republican Palace . Volume One. Sulaimani: Writers Cultural Center .
- Salah Rashid ., Why did the Kurdish civil war break out? How did it grow? Finally !. Second Edition. Sulaimani: Writers Cultural Center .
- Sulaiman ,Taha ., Genocide of the Kurdish People (Sulaimani Statistical Documents ) First Edition. [no place of print [.
- Adnan Qaisi ,.Digging in memory: Aziz Mohammed Translated by Luqman Bapir. Erbil: Peace Center .
- Sangawi ,Najm ., Kurdistan and its leaders, uprisings and revolutions in (١٩٩٥-١١٦٩). First Edition. [no place of print [.

- Shakib Akreyi ., Years of Suffering in Kurdistan: The Most Important Political and Military Events in Kurdistan and Iraq (1958-1980 (. Translated by Kawa Hawraz. Erbil: FAM Publishing House .
- Sherzad Zakaria Mohammed ., Revolutionary Leadership Council in Kurdistan-Iraq 1964-1 Duhok: A Political Historical Study .
- Ali Tatar Nerwayi ., Iraqi Government Policy in Kurdistan in the Shadow of Official Documents 1975-1991 . Volume One .Duhok: Jaziri Library .
- Ismet Sharif Wanli ., Iraqi Kurdistan as a National Entity: A Study of the September Revolution 1961-1 Translated by Halgurd Shukr. Erbil: PDK Encyclopedia Publications, Rojhelat Printing House .
- Chris Cochera., 2006 . Kurds in the nineteenth and twentieth centuries . Translated by Hama Karim Arif. Third Edition .Erbil: Ministry of Education Printing House .
- Galali ,Kamal Omar Ahmad ., South Kurdistan from 1958 to the present . First Edition. Erbil: Karwan Printing House .
- Mantak ,Kamran ., Kurdistan in difficult times . Erbil: Electronic Publication .
- Mohammed Rashid, h. M., 2024 . Armed struggle in South Kurdistan (1976-1988): PKK ,Socialist and PASOK for example . Erbil :Kurdistan Democratic Party Encyclopedia Board Publications, Danishfar Printing House .
- Mivan Arif Badi ., National Liberation Movement in Iraqi Kurdistan 1958-1 Duhok: Dar Spirez Printing and Publishing
- Warya Rahmani ., The September Revolution in Secret French Documents ١٩٧٦-١٩٦١ . Erbil: Roxana Printing House .
- Hemn Mohammed (Mohammed, Mullah Mustafa .(, Memories and discussions of Sulaimani . First Edition. Sulaimani
- Friday ,Sherzad ., Memoirs of Fuad Massoum . Erbil: FAM Agency .
- Edgar O .Ballance., 2022 . Chronology of Kurdish Revolution and Struggle from the Nineteenth Century to Translated by Dalshad Miran. Erbil: Minara Printing House .
- Ibrahim Jalal ., South Kurdistan and the September Revolution : Construction and Destruction 1961-1 Fourth Edition. Sulaimani

- Abubakr ,Ahmad Osman (2005) Kurds and Kurdistan in a collection of historical articles. Translated by Azad Obed Salih. Erbil: Mukriani Publishing House .
- Badi ,Mivan Arif (2005) The National Liberation Movement in Iraqi Kurdistan ,١٩٦٣-١٩٥٨ Dar Spirits Printing and Publishing House, Duhok .
- Barzani ,Masoud (2004) Barzani and the Kurdish Liberation Movement September Revolution 1961-1975, Volume III Part II, Ministry of Education Printing House, Erbil .
- Jawaida ,Wadi' and. (2008) Kurdish National Movement. Translated by Y. Sardashti .Sulaimani: Sima Printing House .
- Jalal ,Ibrahim (2021) South Kurdistan and the September Revolution 1961-1975 ,Fourth Edition, Sulaimani .
- Rashid ,Mohammed (2024) Armed struggle in South Kurdistan (1976-1988) PKK ,Socialist and PASOK for example. Erbil: Publications of the Encyclopedia Committee of the Kurdistan Democratic Party, Danishfar Printing House .
- Zakaria Mohammed, Sherzad (2021) Revolutionary Leadership Council in Kurdistan-Iraq, A General Political Historical Study 1964-1970, Duhok .
- Sulaiman ,Taha (2014) Genocide of the Kurdish people, no print and no place of print .
- Sangawi ,Najm (2014) Kurdistan and its leaders, uprisings and revolutions in .(١٩٩٥-١١٦٩) First edition, Erbil .
- Shakib Akrayi (2023) Years of Suffering in Kurdistan The Most Important Political and Military Events in Kurdistan and Iraq Between 1958-1980, translated from Arabic by Kawa Hawraz, FAM Publishing House, Erbil .
- Kochera ,Chris (2006) Kurds in the 19th and 20th centuries, translated by Hama Karim Arif, third edition, Ministry of Education Printing House, Erbil .
- Galali ,K (٢٠٠٩) .ع .South Kurdistan from 1958 to the present, first edition .Erbil: Karwan Printing House .
- Mantak ,Kamran (2021) Kurdistan in difficult times. Erbil: Kurdistan Region) .Electronic mode (.

- Hegel, G .and. f. (1986) Reason in History, translated by Fatah Abdul Jabbar ,Beirut: Dar Tan Weir .
- Hegel, G .and. f. (2007) Philosophy of History, trans. Nadim Jaafar, Ben Ghazi: Dar al-Kutb al-Maqaraba .
- Wanli ,Ismet Sharif (2025) Kurdistan in Iraq as a National Entity, a Study on the September Revolution 1961-1969, translated from French by Halgurd Shuker ,in PDK Encyclopedia Publications, Rojhelat Printing House, Erbil .
- Warya Rahmani (2024) The September Revolution in Secret Documents of France ,١٩٧٦-١٩٦١ Roxana Printing House, Erbil .
- Yasin ,Burhan A. (2024) Political History and Balance of Power, Second Edition ,Sulaimani .
- Abu Bakr ,Ahmad Osman (2005 (. **Kurds and Kurdistan in a collection of historical articles** . Translated by Azad Obed Salih. Erbil: Mukriani Publishing House .
- Akreyi ,Shakib (2023 ) **Years of Suffering in Kurdistan: The Most Important Political and Military Events in Kurdistan and Iraq Between** 1958-1 Translated by Kawa Hawraz. Erbil: FAM Agency .
- Barzani ,Massoud (2004 (. **Barzani and the Kurdish Liberation Movement: The September Revolution 1961-1975** , Volume III, Part II. Ministry of Education Printing House, Erbil .
- Buddy ,Dilshad (2005 (. **Kurdistan and Iraq between** 1961-1 Duhok
- Penjweni ,Mullah Ali (2021 ) **My Memories in the Revolution** . Sulaimani
- Talabani ,Jalal (2011 (. **Kurdistan and the Kurdish Liberation Movement** . Volume 1, Baghdad .
- Jawaida ,Wadi' and. (2008 ) Kurdish **National Movement** Translated by Y. Sardashti. Sulaimani: Sima Printing House .
- David ,McDowell (2005 (. **Contemporary Kurdish** History Translated by Abubakr Khoshnaw. Sulaimani: Sardam Publishing House .
- Pradier ,Jean (2025 (. **Kurdistan and the Kurdish Issue in the Middle East** . Translated by Kamran Hama. Erbil .
- Rahmani ,Warya (2024 ) **The September Revolution in Secret French Documents** ١٩٧٦-١٩٦١ . Roxana Printing House, Erbil .

- Rashid ,Mohammed / Mohammed Rashid, H ٢٠٢٤/٢٠١٤) .م.) **Armed struggle in South Kurdistan (1976-1988): PKK, Socialist and PASOK for example** . Erbil :Publications of the Encyclopedia Committee of the Kurdistan Democratic Party, Danishfar Printing House .
- Rashid ,Salah (2019/2022 ) **Didari Taman: From the Intellectual Movement to the Secretariat of the PUK** . Volume 1 ,Second Edition, Sulaimani .
- Zakaria ,Sherzad (2021 ) **Kurdistan Democratic Party and its relations with the Iraqi government 1961-1970** . Duhok
- Saif Adnan Qaisi (2024 ) **Ba'ath Party and the Kurdish Problem in Iraq** 1968-1 Translated by Ali Fathi. Erbil .
- Sajadi ,Alaeddin (1959/1996 ) **History of the Kurdish Uprising / History of the Kurdish** Uprising First edition (1959 (Baghdad, second edition (1996) Saqiz .
- Sangawi ,Najm (2014 (. **Kurdistan and its leaders, uprisings and revolutions in (١٩٩٥-١١٦٩)** . First edition, Erbil .
- Sulaiman ,Taha (2014 (. **Genocide of the Kurdish People (Statistical Documents of Sulaimani Province** ) No printing and printing place .
- Ali Tatar ٢٠٢٢) ) **Kurdish National Liberation Movement in South Kurdistan** 1975-1 Volume 1, Erbil .
- Gometali ,Aram (2024 ) **The February 8 coup and its effects on the Kurdish issue in Iraq** . Erbil .
- Galali / Galani, K ٢٠٠٩) .ع .) **South Kurdistan from 1958 to the present** . First Edition. Erbil: Karwan Printing House .
- Gibson ,Brian Robert (2022 (. **Kurdish Civil War and Foreign Intervention: US Policy Towards Iraq 1958-1975** . Translated by Dana Askar. Erbil .
- Cochera ,Chris (2006 (. **History of the Kurdish Nation and its Movements** . Translated by Mohammed Rayani. Tehran
- Mantak ,Kamran (2021 ) **Kurdistan in difficult times** . Erbil: Kurdistan Region (Electronic (.
- Hobsbawm ,Edgar O. Balance (2022 (. **Chronology of Kurdish Revolution and Struggle from the Nineteenth Century** to Translated by Dilshad Miran. Erbil .

- Hegel, G .and Friedrich (1986 (. **Encyclopedia of Philosophical Sciences - Philosophy of** History Translation Dr. Imam Abdul Fattah Imam. Cairo : Dar al-Tanwir .
- Hegel ,Georg Wilhelm Friedrich (2007 (. **Mind of** History Translated by Abdul Fattah Imam. Beirut: Dar Al-Tanwir Printing and Publishing House .
- Friday ,Sherzad (2025 ) **Memoirs of Fuad Massoum** . Erbil: FAM Agency .
- Wanli ,Ismet Sharif (2025 ) **Iraqi Kurdistan and the National Revolution** . Translated by Zana Naseh. Sulaimani
- Yasin ,Burhan A. (2024 ) **The end of the proxy war and the collapse of the revolution** . Sulaimani
- Hegel, J .f. F., 2007 . Reason in History: The First Volume of Lectures in the Philosophy of History . Translated by *Dr. Imam Abdul Fattah Imam. Fourth Edition. Beirut: Dar Al-Tanwir for Printing, Publishing and Distribution .
- Hegel, J .and. F., (1986). Lectures in the History of Philosophy: Introduction to the System of Philosophy and Its History. Translation د. : Khalil Ahmed Khalil. Beirut: University Institute for Studies, Publishing and Distribution .

**Foreign sources:**

- Klapwijk, J., 1986. Antithesis, Synthesis, and the Idea of Transformational Philosophy. Philosophia Reformata, 51, pp.138-154.
- Mueller, G.E., 1958. The Hegel Legend of "Thesis-Antithesis-Synthesis". Journal of the History of Ideas, 19(3), pp.411-414.
- Cunha, M.P.E., Cunha, J.V.D. and Clegg, S.R., 2000. Management: Thesis, Antithesis, Synthesis. Lisbon: Universidade Nova de Lisboa